# کۆتر شین و زەوی سپی

## چیرۆک بۆ منداڵان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کۆتر شین و زەوی سپی

## چیرۆک بۆ منداڵان

نووسینی

**محەمەد فەریق حەسەن**

وێنەکێشانی

**محەمەد ساڵەیی**



ناوی کتێب: کۆتر شین و زەوی سپی- چیرۆک بۆ منداڵان
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
وێنەکێشانی: محەمەد ساڵەیی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٠٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٢١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێڕست

شەڕە کەڵەشێر ........ 7
هەڵەی سوێسکە ........ 11
بەشداری ........ 16
سۆنە ........ 20
قارچک ........ 23
سێ وێنە ........ 27
دەمەو ئێوارەیەک ........ 30
کۆتر شین و زەوی سپی ........ 33
کۆنگرەکەی سەرۆک مشکۆ ........ 39
چەپڵەیەک بۆ ڕێوی ........ 43
پێشبڕکێ ........ 47
نیوەڕۆت باش بۆقیلەی جوان ........ 52
منی ورچ، تۆی ڕێوی ........ 56
دیوار ........ 63
شاهۆ و دارگوێزەکانی ........ 67
بەم زووانە گوڵەکان دێنەوە ........ 71

# شەڕە کەڵەشێر

تاریک و ڕوون، کەڵەشێری زێڕین هەڵی کردە بان کولانەکەی، بانگێک خوێندی دوای تاوێک خۆر گزنگی دا، کەڵەشێرەکە گوتی:



«من نەمخوێندایە خۆر لەم دەڤەرەدا هەڵنەدەهات!»

گزنگ لەسەر پەڕە زێڕینەکانی دەبریسکایەوە... کەڵەشێرێکی دیکە هەڵی کردە بان هەرزاڵێک، بانگێک خوێندی و گوتی:

«من دەنگم خۆشترە! من نەبوومایە هەرگیز خۆر لەم دەڤەرەدا هەڵنەدەهات!» گزنگ لەسەر پەڕە کەسکەکانی ئەویش درەوشایەوە،

کەڵەبابی زێڕین خۆی گیف کردەوە و بەرەو ڕووی هات. دووەمیش خۆی گیف کردەوە و بەرەو ڕووی چوو. دەنووکیان لە زەوی دەدا و داوای مەیدانیان لە یەکدی دەکرد، ملیان درێژ کردبوو، پێکوتەیان بوو، جقەیان نیشانی یەک دەدا.

یەکەم وتی: «تۆ سەرت لە هێلکە نەجووقابوو من لەم ماڵەدام!»

دووەم وتی: «ئەوە منم هەموو بەیانییەک خۆر لە خەو ڕادەپەڕێنم!»






هەڵبەزییەوە و دەنووکێکی لە پۆپنەی یەکەم دا، ئەویش هەڵبەزییەوە و دەنووکێکی گەیاندە ئەم، خوێن پۆپنەیانی ئاڵتر کرد، بەدەم شەڕەوە گەیشتنە بن دارتووەکەی کۆڵان، جقەیان لە سینگی یەکدی گیر دەکرد.

سەری یەکیان بەدەنووک دادەگرتەوە... دەکەوتن، هەڵدەسانەوە... لەپڕ دووەم گوتی: «ئەوا خۆرم گەیاندە چێشتەنگاو!»

دوای ماوەیەک، یەکەم دەنووکێکی قایمی لێ گرت و وتی:

«ئەوا من خۆرم گەیاندە تاقی ئاسمان!»

دووەم شوێنی کەوت، بەدەوری قەدی دارتووەکەدا ڕاوی نا... لەپڕ، یەکەم گەڕایەوە و کەوتە شوێنی دووەم...



کۆترێکی هاقوو، لە بان گوێسوانەوە گماندی و وتی: «ئەم کەڵەبابانە چەند لەخۆباین؟!»

باوکە چۆلەکەیەک جریواندی: «خاوەن ماڵ بێتەوە هەردووکیان دەفرۆشێ!»

قازێک قیڕاندی: «بەشەڕ مەیەن، شەڕ شوورەیییە!»

مراوییەکیش قیڕاندی: «خۆ ئێوە کەڵەشێری ماڵێکن. ئیدی بۆ بەشەڕ دێن؟»

تووتییەک وتی: «زەوی هەسارەیەکی کۆمەڵەی خۆرە، کاتێ بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە شەو و ڕۆژ پەیدا دەبێ. کە بەدەوری خۆریشدا سووڕایەوە، وەرزەکان پەیدا دەبن. بۆیە خۆر هەموو بەیانییەک هەڵدێت و هونەری ئێوەشی تێدا نییە!»

ئەوان هەر بەشەڕ دەهاتن. گوێیان لە کەس نەدەگرت.

یەکەم وتی: «وا خۆرم گەیاندە دەم کەل!»

دووەم گوتی: «وا نییە، من بووم خۆرم گەیاندە دەم کەل!»

خوێن ڕەنگی کەڵەبابی زێڕینی بۆ پرتەقاڵی و هی کەسکی بۆ مۆر گۆڕیبوو.

ئەوان خێرا خێرا دەنووکیان لە یەک دەگرت، هەریەکە و چاوێکیشیان لە دەست دابوو. خۆرئاوابوو، ئەوان دەجەنگین و هێزیان لێ دەبرا.

لە ناکاو، دوو چەقەڵ لە چەمەوە







سەریان کێشا. گوێیان هەڵخست، چاویان ورد کردەوە. نە حەپەیان بیست، نە سەگیان دیت، کەڵەشێرەکان یەکی چاوێکیان مابوو، بۆیە چەقەڵەکان تەواو نزیک بووبوونەوە


ئەمجا ئەوان پێیان زانی. کاتێ هەستیان کرد، ویستیان وەک جاران هەڵبفڕنە سەر دارتووەکە، بەڵام تەواو شەکەت بووبوون و هێزیان لێ بڕابوو، چەند خۆیان هەڵدەدا نەیاندەتوانی سەر دارتووەکە بکەون، بستێک بەرز دەبوونەوە و تەپ دەکەوتنەوە سەر زەوی. لەپڕ هەر چەقەڵە و پەلاماری ملی یەکێکیانی دا، پشتیان کردە ئاوایی و لەنێو چەمەکەدا بزربوون.

سلێمانی ١٩٩٦

# هەڵەی سوێسکە

ئەمڕۆش مامۆستای زمانی کوردی، بە بندەستێک دەفتەرەوە، زار بەگلەیی لە بەردەم تەختە ڕەشەکەدا وەستاوە، دەڵێ:

«قوتابی هەیە لەبری ئەوەی هەڵەکانی پێشوو ڕاست بکاتەوە، دووبارەی کردوونەتەوە!... ئایا ئەو قوتابییانە سوێسکەن؟!»




زۆربەی قوتابییانی پۆلەکە لە خۆیان کەوتنە گومانەوە، چاویشیان بڕیوەتە ڕوخساری مامۆستا و بندەستە دەفتەرەکە. لە ناکاو (ژیلوان) دەست بڵند دەکات و دەپرسێ:

«هەڵەی سوێسکە چۆن چۆنییە مامۆستا؟»

مامۆستا، دەفتەرەکان لەسەر مێزەکەی پێشی دادەنێ و دەست بەقسان دەکات: لە تەمەنی ئێوەدابووم، هاوینان سەری گوندم دەدا، ئەو گوندە هەوارگەی باپیرانمە... دەبوومە میوانی مامم، وا دەزانم ئێستایە. ئەگەرچی مامم چووەتە ساڵەوە کەچی من بەتۆزی پێیدا ناگەم، منی پەروەردەی





شارستان و ئەوی نێچیرەوان و عاشقە چیا. ئەو کەڵەکێوی ئاسا، بەو چیایانەدا هەڵدەزنێت و وچان نادات، منیش خۆزیا و بریامە بەزاریدا بێت و بڵێ: «با پشوویەک بدەین»، لەشم نیشتووەتە سەر ئارەقە. دەخوازم چۆغە و پشتوێنەکەم بەگرمۆڵە کراوی بخەمە بن دەستم.

ئەوا گەیشتینە بان ملەیەک... هەر گاشەبەردە و سەری بەکۆشی دەوەندا کردووە، هەر شەخەڵە و ڕەگی لە ڕکە و ئەستەم گیر کردووە. مامیشم جێگە بۆ مێ سوێسکەی ناو قەفەزەکە خۆش دەکات، مێخەکانی هەردوو سەری ڕستەداوەکە دەچەقێنێ. پاشان لە چڕە دەوەنێکدا کە بەسەر قەفەزەکەدا دەڕوانێ، بێدەنگ هەست ڕادەگرێ. شنەی شەماڵ، لەشی شەلاڵی ئارەقەم کزر دەکاتەوە. لەگەڵ خۆیدا ویتەویتی ماسوێسکەکەم بۆ دێنێ.

ئەوا بانگێکی دیکە خوێندی، گوێم لە زڕەی باڵی نێرە سوێسکەیەکە، بەدەنگییەوە دێت و نزیک قەفەزەکە دەنیشێتەوە. نێرە سوێسکەی بەرگەردن نەخشین، پێ و دەنووک ئاڵ و گورجوگۆڵ، ملی درێژ کردووە. باڵەکانی لە زەوی دەخشێنێ و بەدەوری قەفەزەکەدا دەسووڕێتەوە، بازنەی سووڕانەوەکان تا دێ تەنگتر دەبن، گەیشتە یەکەم ئەڵقە داو، بازی بەسەردا دا و پێوە نەبوو، وەک تەنوورەی گۆم بینی گرتووە. لەپڕ، بەو

خێراییییە سەری بەئەڵقەیەکدا چوو، ئەڵقەکە دێتەوە یەک... قاچە پەمەییییەکانی لە وردە زیخ گیر دەکات. ڕستە داوەکەی هێناوەتە لەرزین، منیش ئۆقرەم لێ بڕاوە. ئەمە یەکەم جارە دیمەنی وەها ببینم، دیمەنی سوێسکە کاتێ بەداوەوە دەبێ.

«فریای نەکەوی خۆی دەخنکێنێ!»

مامم وەها دەڵێ... لە حەشارگەکە دێمە دەر. نێرە سوێسکە، ئەمجارەیان پاشەوپاش دەکشێتەوە، ئەڵقەی داوەکەش پتر لە گەردنی توند دەبێ. پەڕی نەرمونۆڵ دەبنە پەپوولە پاییزەی دەم با، دەگەمە سەری، گەردنی لە داوەکە دەردەهێنم. بەهەموو توانایەوە، سرک و زار و تۆقیو، پەلەفرتێیەتی. سەرنجم لەلای چاوی گەش و دەنووکی پەمبە و گەردنی بەخاڵیەتی، پڕبەدڵ دەخوازم ئازادی بکەم... مامم بانگم دەکات:

«دەزانم بەزەییت پێیدا دێتەوە... ئاتۆ بیدە دەستم؟»

دەیدەمە دەستی. مامم چنگ بەکلکە سفتەکەیدا دەکات و لە بن و بێخ هەڵی دەکێشێ. پەڕ و پۆ بڵاودەبنەوە... ئەمجا ئازادی دەکات... نێرە سوێسکەی کلک کراو دەداتەوە لە زرەی باڵ و دوور دەکەوێتەوە. سەرم لە نهێنیی ئەم





نێچیرەوانە کۆنەساڵە سوڕدەمێنێ... وەک ڕاو دەکات، ئیدی بۆ نێچیرەکە ئازاد دەکات؟!... وەک ئازادی کرد، بۆ کلکی لە بن و بێخ هەڵکەند؟!...

دەخزێینەوە حەشارگەکە، هێندەی پێ ناچێ سوێسکەیەکی دیکە بەداوەوە دەبێ.

ما سوێسکە لە خوێندن ناکەوێ، وا یەکێکی دیکە لە پاڵ قەفەزەکەدا نیشتەوە، بێ پەروا لە دەوری دەگەڕێ. ئەوا ملی پێوە بوو، ڕادەپەڕم و لە داوەکەی دەکەمەوە، کاتێ سەرنجی کلکی دەدەم دەحەپەسێم، ئاورێکی تێکەڵ لە گومان و سەرسوڕمان لە مامم دەدەمەوە، بێ چرپە دەچمە پاڵییەوە، وەک یەکێک تاقیکردنەوەیەکی قورسی بەپلەی یەکەم بڕیبێ، بەدەم زەردەخەنەی سەرکەوتنەوە، سەرسامییەکەم دەرەوێنێتەوە و دەڵێ:



«دەیناسیتەوە؟... هەمان سوێسکەیە کە تاوێک لەمەوبەر کلکیم هەڵکێشا!... ئەوەندە بێ هۆش و بێ ئاوەزە جارێکی دیکەش بەهەڵەی خۆیدا چووەوە و ملی خۆی لە داوەکە گیر کردەوە. ئێستا ڕات چۆنە؟... ئەمجارەش ئازادی بکەین؟!»

من لەودەمەدا وەڵامم نەبوو، مامیشم نێرە سویسکەی کلک هەڵکێشراوی تەپاندە ناو قەفەزەکە و دەرگای لەسەر داخست.

ئازیزەکانم ئەمەبوو هەڵەی سویسکە...

قوتابییان چەپڵەیەکی قایم دەدەن، ئەویش دەفتەرەکان دابەش دەکات.

سلێمانی- ئەیلوولی ١٩٩٥



## بەشداری

ئارێز لە دەلاقەی چادرە سپییەکەیانەوە دەڕوانێتە خانووە نوێیەکانی گوند، ئەو گوندەی ساڵانێ بوو وێران کرابوو. ئەوا ئێستا خەڵکەکەی گەڕاونەتەوە و لە خەمی ئاوەدانکردنەوەیدان.



ئارێز سەرنجی لەسەر باوکی گیرسایەوە... باوکی لەسەر دیوارەکە خەریکی دارەڕایە. (حەمەبۆڕ)ی دراوسێیان دەستەک (داری دارەڕا)ی بۆ بەرزدەکاتەوە. دایکی ئارێز مەنجەڵێکی گەورە دەخاتە سەر ئاگر و فراوین ئامادە دەکات، هەڵمەت و هەندرێن-ی برای و هەلاڵەی خوشکی هەریەکەیان سەرقاڵی کارێکن.



ئارێز جووڵا... دارشەقی دەستی چەپی دانا، لە سەری دارێک نەوی و بەرزی کردەوە، بەڵام نەیتوانی بۆ لای حەمەبۆڕ بەکێشی بکات.

دەبوایە دەستی ڕاستیشی بەکاربهێنێ. کە

دارشەقی دەستی ڕاستی دانا ، نەیتوانی هەنگاو بنێ...

دارشەقەکانی هەڵگرتەوە، دیسانەوە جوولا ، لە بن چادرەکەدا کترییەکی دوکەڵاوی هەبوو، دەستی دایە و کەوتە ڕێ. لە بەرمیلەکە ئاوی تێ کرد.



ویستی هەڵبستێتەوە، بەڵام ڕەهێڵ بوو، هەندرێن ئەمجارەش دەستی دایەوە باڵی و پێی گوت:

«برام پێویستیمان بەتۆ نابێ. بچۆ لە بن سێبەرێک بۆ خۆت دانیشە!»

ئارێز ئەم قسانەی لەبەر دڵ گران بوو... بیری گەڕایەوە بۆ ئەو ئێوارەیەی کۆلارەکەی چووبووە تاقی ئاسمان. ئەو ئێوارەیە نیگای لە کۆلارەکەی نەدەبووەوە، کلکەی وەک ئاڵا لە ئاسمانی شیندا دەشەکایەوە... لەپڕ گوژمە بایەک دەزووەکەی لە دەست فڕاند، کۆلارەکەش لەنگەری تێکچوو، شەماڵ بردی، هەر بردی... ئارێزیش بەڕاکردن شوێنی کەوت. ئەو لە بەرپێی خۆی بێ ئاگابوو، بەردەوام چاوی بەئاسمانەوە بوو.

ڕووەو گردەکەی پێشی غاری دەدا، لەپڕ دەزووەکە لە دەوەنێک گیربوو... ئارێز دەیویست دەستی لە سەری دەزووەکە گیربێ... تەنیا پێنج هەنگاوی





مابوو بیگاتێ... پێنج... چوار... سێ... دوو... یەک... سفر!!!... پێی ڕاستی کەوتە سەر مینێکی دژەکەس، دەنگێکی زل و ناقۆڵا تەیر و تواڵی ئەو گردەی هەڵفڕاند، گێژەڵووکەیەکیش درەخت و بنچکەکانی ئەو ناوەی هێنا و برد... ئارێز حەواکەوت، لەنێو گەردەلوولی خۆڵ و پووش و پەڵاشدا نوقم بوو. دەیان کون بووە ڕوخسار و دەست و لاقەکانی، کونە وردەکان زیخیان تێ چەقیبوو. پێستی شین هەڵگەڕا و لە کونەکانەوە خوێن دەتکا... چاوە شینەکانی پڕ لە خۆڵ بوون.

شەرواڵەکەی لە زۆر جێوە دڕا، ئارێز ماوەیەک بەئاسمانەوە مایەوە، ئەمجا بەپێی پەتی کەوتەوە سەر زەوی. ویستی هەرچی زووترە لەو شوێنە دوور بکەوێتەوە. تەکانی دا، بەڵام هەستی کرد لاقی ڕاستی لەدووی نایەت، دوای چەند هاوارێک لە هۆش خۆی چوو.

***

ئارێز لە پاڵ بەرمیلەکەدا وەستابوو، سەرنجی لاقی ڕاستی خۆی دەدا. شەرواڵەکەی لە خوار ئەژنۆیەوە دەشەکایەوە، ئەو وایزانی گاڵتەی پێ دەکەن، ماوەیەک لێیان ڕاما ، دیتی ئەوان خەمبار دیارن.

لەژێر لێوەوە وتی:



«دەسا هەر دەبێ بەشداری بکەم، بزانە ئێستا چۆن دڵیان خۆش دەکەم؟ کە لە ئۆردوگا بووین، مامۆستای سروود پێی دەگوتم: دەنگ خۆشەکەی پۆل...»

ئارێز لە جێی خۆی دانیشت،. دارشەقەکانی لەسەر ڕانەکانی درێژ کرد، دەستی نایە بناگوێی و تێی هەڵکردە گۆرانی.

سلێمانی ١٩٩٥/٦/٢٠




# سۆنە

باوکی وریا لە شار گەڕایەوە، وریا بەڕاکردن بەپیرییەوە چوو. بەخێرهاتنەوەی کرد. زەمیلە دیارییەکەی لە دەست وەرگرت و بەدڵتەنگییەوە وتی: «دوێنێ شەو چەقەڵ مراوییە مێیەکەشی خوارد!»



باوکی وتی: «داخم ناچێ!»

وریا، سەرنجی لەسەر باوکی بوو، ئەو چاوەڕوانی وەڵامی بەهێزتری دەکرد. لەسەری ڕۆیی وتی: «بابە، سۆنە سەر سەوزەکە بەتەنیا ماوەتەوە، خەفەت دەخوات... ڕەنگە ئەو چەقەڵە شەوێکی دیکەش پەلاماری باڵندەکان بداتەوە!»



باوکی وتی: «ئێمە ماڵمان لەو پەڕی دێیە، سەگمان نییە، پێویستە توولەیەک ڕابگرین، دیوارەکانیش بەرز بکەینەوە تاکو چەقەڵ نەتوانێ ئەمدیو ببێت... پێویستە شەوانە



بالّندەکان بکەینە کولانەوە.»


***

ئێوارەیەکیان بە وریای وت: «کونەکەیم دۆزیوەتەوە!... ئەمشەو نەخەوی تاکو دەنگوباسی چەقەلّەکەت بۆ دێنمەوە!»

وریا وتی: «ئۆخەی ئۆخەی! منیش دێم... سەگەکەش دەبەین... ئەلّلا...»

باوکی وریا وتی: «نانا... ئەگەر بەکۆمەلّ بچین نەخشەکە سەرناگرێت... تۆ لە مالّەوەبە.»

ئەمجا بەهێمنی چوو بۆ لای سۆنە سەر سەوزەکە و چەند قسەیەکی بەگوێیدا چرپاند... سۆنەکە وەلّامی دایەوە:



«دلّنیابە تۆم لەگەلّ بیت ناترسم... ویق ویق... هەر ئێستا ئامادەم!»

باوکی وریا تفەنگی لە شان کرد، سۆنەکەش بەلەنجە و لار دوای کەوت، کە لە دێ دەرچوون کردییە باوەش، ماوەیەکی زۆر رۆیشتن، باوکی وریا لەبەردەم کونێکدا وەستا، بۆنی





پێوەکرد. چەند هەنگاوێک لە پشتی کونەکەوە، کەلّەکە بەردێکی هەلّچنی، چەند هەنگاوێکیش لە پێشی کونەکەوە مێخێکی داکوتا. بەتالّە بەنێک قاچی سۆنەکەی پێوە بەستەوە، ئەمجا لە پشت کەلّەکە بەردەکەوە خۆی مات دا...

مراوییەکەش ئەوەندەی تالّە بەنەکە بڕ بکات، بەلەنجە و لار کەوتە هاتوچۆ، چەقەلّەکە هەر زوو بۆنی کردبوو، لە کونەکەشەوە چاوی لە مراوییەکە بوو، چەقەلّەکە ئارامی لێ بڕا و لیک بەلمۆزیدا دەهاتە خوار.

خۆرئاوابوو، چەقەلّ لە کونەکەوە سەری کێشا، جگە لە مراوییەکی سەر سەوزی بەرگەردن مۆر هیچی دیکەی نەدی. لەوەدا بوو هەلّمەتی بۆ ببات، بەلّام باوکی وریا تفەنگێکی پێوەنا و دای بەزەویدا... لەگەلّ سۆنەکەدا گەڕانەوە گوند. لەبەر دەرگا، وریا چاوەڕێی هەوالّ بوو.

سلێمانی ٢١/١٠/١٩٩٥

# قارچک

بەدەم ڕێوە، دیلمان بەباوکی گوت:

«بابە، سەرنجی ئەو پیاوە پیرە بدە. ئەها ئەویش بۆ قارچک (کوارگ) دەگەڕێ!»

باوکی وتی: «کوڕم دیلمان، ئەو قەدپاڵە قارچکی نییە، ئەو پیرەمێردەش مام بایزە، بەسەرهاتێکی دووردرێژی هەیە.»

دیلمان پرسی: «چۆن بەسەرهاتێک بابەگیان؟ پێم خۆشە بۆمی بگێڕیتەوە.»

باوکی دیلمان هەر بەدەم ڕێوە گێڕایەوە:

لە تەمەنی ئێستای تۆدا بووم، ڕۆژێک دەروێشێک ڕێی کەوتە ئەو گوندەی ئەوبەر، دەروێشەکە



نەخۆش بوو. بایز چووە ژێر باڵی دەروێشی نەخۆش و بردییە ماڵەکەی خۆی، نۆژداری هێنایە سەر، دەرمانی بۆ پەیدا کرد، ڕۆژانێکی زۆر لە ماڵەکەیدا خزمەتی



کرد. کاتێک دەروێش چاک بووەوە، دەستی بایزی گرت و لە تەک خۆیدا هێنای بۆ ئەم چیا سەر بەهەورە و پێی گوت: «بەوریایی شوێن هەنگاوەکانم بکەوە!»

دوو بەدوو بەچیایەکەدا هەڵگەڕان، دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتنە بەردەم کەپکێک. دەروێش شارەزابوو. دەستی بایزی گرت و بەشوێن خۆیدا هەڵی کێشا، زۆری نەمابوو بگەنە تەوقەسەری چیاکە، دەروێش دەستی دایە سەرە گوریسێک، توند ڕای تەکاند. دوای پشوویەک، لەنێو هەورەوە، پەیژەیەکی درێژی ئەفسووناوی دابەزی و لەبەر پێیاندا جێگیربوو.



دەروێش دەستکاریی گاشەبەردێکی کرد، لەپڕ دەرگایەکی گەورە کرایەوە. چوونە ژوورەوە... ناو ئەشکەوتەکە تاریک و شێدار بوو. دیمەنێکی سامناکی هەبوو. دەروێش چەند مۆمێکی هەڵکرد... بایز چەندین پارچە خشڵی نایابی بینی دەچریسکانەوە، بەدیتنیان تەواو حەپەسا... چاوەکانی خۆی گلۆفت، بڕوای دەکرد و بڕوای نەدەکرد. دەروێش گوتی:

«تۆ هەوڵی زۆرت لەگەڵ دام هەتا چاک بوومەوە، ئێستاش کاتی ئەوە

هاتووه چاکەیەکت لەگەڵدا بکەم. فەرموو ئەوە زێڕ و زەمبەر. بەئارەزووی خۆت، چەندت پێویستە لەگەڵ خۆتدا ببیە!»

بایزی حەپەساو پشووی سوار بووبوو، ئەو لەناکاو لەنێو کۆگایەکی خشڵدا خۆی دیتەوە. دیمەنەکەی وەک خەون دەهاتە پێش چاو. دەستی دایە شمشێرێکی زێڕ. هەتا بەدەستییەوە نەهات بڕوای نەکرد... دڵی چووە سەر خەنجەری بەقوبە و کالانی زێڕ... تاسکڵاوی هەڵگرت. چریسکەی لیرە سەرسامی کرد... کەوتە پەل پەل، لە خۆشیاندا پێدەکەنی. چەندی بۆ هەڵگیرا لە گونیەی کرد و بەکۆڵی خۆی دادا... زۆریشی ئاخنییە باخەڵەکانی. بایز هەرچی زێڕی نێو ئەشکەوتەکە هەبوو بەکۆڵی خۆی دادابوو. بەرلەوەی بەنیازی دابەزین، پێ بنێتە سەر پەیژە ئەفسووناوییەکە، دەروێش ئەملا و ئەولای ماچ کرد و گوتی:

«ئیدی بەجێت دەهێڵم، وریای خۆت بە، بەکوێدا سەرکەوتین، هەر بەهەمان شوێندا دابەزە!»

بایز گوتی: «زۆر سوپاس. لە هەژاریی ڕزگارت کردم! خوات لەگەڵ.»

دوای ئەوەی بایز بەنقەنق لە پەیژەکە دابەزی، دەروێش پەیژەکەی هەڵکێشیایەوە و لەنێو هەوردا بزربوو...

بایز کۆڵەکەی قورس و چیاکەش سەخت و هەڵدێر... بایز لە خۆشیاندا پێدەکەنی، دەیویست خێرا بگاتەوە لای ژنەکەی و لەبەردەمیدا خشڵەکان بەزەویدا بدات و بڵێ:

«مزگێنی بێ، لە هەژاری ڕزگارمان بوو!!»



بەڵام بایز چەند هەوڵی دا و چاوی گێڕا، ڕێی نەبردەوە سەر شوێن پێکانی خۆی و دەروێش. ئەو لەژێر کوڵی زێڕدا پشتی چەمابوو.

بەرەبەرە ماندوو دەبوو. سەرەوخوار و سەرەو ژووری دەکرد. تا دەهات پتر پەکی دەکەوت، لەپڕ بەردێک لەژێر پێیدا دەرپەڕی. خزا و بەتەپاوتل هەڵدێرا...

کاتێ چاوی کردەوە. خۆی بەدوو پەلەی درەختێکەوە بینی. لەشی ژانی دەکرد و زۆریشی تینوو بوو. دەستی بۆ باخەڵەکانی برد. ئەملای کرد، ئەولای کرد و چاوی گێڕا، خشڵەکانی بۆ نەدۆزرایەوە. بەزمانی وشک و لەشی بەئازارەوە، بەلەرزە لەرز دابەزی...

ئیدی لەوساوە بناری ئەم چیایە جێ ناهێڵێ. چاو دەگێڕێ. بن دەوەن و پەنا تاشەبەردەکان دەپشکنێ و ورد دەبێتەوە، بەڵکو سامانە لە دەست چووەکەی بدۆزێتەوە. هەن دەڵێن: چاوەڕوانە جارێکی دی دەروێشەکە ڕێی بکەوێتە ئەم چیایە و فریای بکەوێ...



دیلمان بیری لای بەسەرهاتی مام بایز بوو. دڵی پێی دەسووتا. زۆری نەخایاند باوکی بەئاگای هێنایەوە. وتی:

«با لابدەین. دڵنیام ئەم گردەی پێشمان کوارگی هەیە.»

سلێمانی- ئایاری ١٩٩٤

# سێ وێنە

هەرزاڵ لەسەر کورسییەک دانیشتووە. سەرنجی وێنەکانی ناو ئەلبوومەکەی دەدات. ئێستا چاوە ڕەشەکانی لەسەر ئەم لاپەڕەیە ڕاگرتووە... ئەم لاپەڕەیە سێ وێنەی لەخۆ گرتووە. وێنەی پشیلەیەکی سپیی تیسکن... وێنەی گۆمێکی ڕوون کە ماسییەکانی ناوی بەجوانی دەبینرێن. لەگەڵ وێنەیەکی خۆی. لە وێنەکەدا هەرزاڵ ڕەکتێکی سپیی بەدەستەوەیە. پانتۆڵێکی کورتی شین و کراسێکی نیوقۆڵی سووری میلداری لەبەردایە. جووتێ کالەی سپیشی لەپێدایە. ڕووی گەشە و لەنێو چیمەنەکەدا وەستاوە...



ئەم سێ وێنەیەی بەلاوە زۆر جوانن و بەتاسەوە چاوی تێ بڕیون و دڵی نایە ئەن پەڕەیە هەڵبداتەوە...

***

لە ناکاو پشیلەکە بەکلک بادان لە وێنەکە هاتە دەرەوە و میاوێکی بۆ هەرزاڵ کرد... گۆمەکەیش کەوتە شەپۆلان. ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکان بێ پەروا بەناویدا دێن و دەچن. هەرزاڵیش بەڕەکتەکەیەوە لەوێ ئامادەیە... وا پشیلەکە سەر دەکەوێتە لێواری گۆمەکە. ئەو ماسییەکان دەبینێ بێباکانە لە گۆمەکەدا مەلە دەکەن. پشیلەکە ئەو شەوەی دێتەوە یاد کە لە





چێشتخانەکەدا سەڵکە ماسییەکی دۆزییەوە. پری پێدا کرد بردییە چیمەنەکە. هەتا گۆشتی پێوەبوو کراندییەوە. هێشتا تامە خۆشەکەی لەبیر نەچووەتەوە...

ئێستاش وا سوورە ماسییەک خەریکە بەلار و لەنجە نزیک دەبێتەوە... پشیلە سپییەکە زۆری حەز لە گۆشتی ماسییە... یەک، دوو، هەرسێکی... بەشوێن ماسییەکەدا بازی دایە ناو گۆمەکەوە. شڵپەی هات و گۆمەکە شڵەقا. پرژەی ئاو بەهەموو لایەکدا بەرزبووەوە.

ماسییەکان بەخێرایی هەڵاتن و دوورکەوتنەوە. پشیلەکەش نوقم بوو. ماسیشی نەبینی... پشیلەکە هەستی کرد مەلە نازانێ و خەریکە دەخنکێ. شپرزە بوو. کەوتە پەلەفرتێ، ئاو پەرییە گەرووی. بڵقی هەوا بەشوێن یەکدا تا ڕووی گۆمەکە سەردەکەوتن... هەرزاڵیش هەر لە دیمەنەکە ڕادەمێنێ... پشیلەکە بەتەواوی نوقم بوو. لەپڕ پێیەکانی لە بنی گۆمەکە گیرکرد و خۆی هەڵدا... سەرکەوت و لە ڕووی گۆمەکەوە سەری کێشا. فریای ئەوە



کەوت هەناسەیەک هەڵمبژێ و خێرا نوقم بووەوە... زگی ئاوی تێ دەچوو. ئاو پەڕییە ناو سییەکانیشی. جارێکی دی لە بنی گۆمەکەوە خۆی هەڵدا. تا نزیک لێواری گۆمەکە هات. دەیویست بەچنگەکرێ بەدیواری گۆمەکەدا هەڵبزنێ و خۆی ڕزگار بکات. بەڵام بێ سوود بوو، شڵپ دەکەوتەوە ناو ئاوەکە و جارێکی دی چنگی لە دیواری گۆمەکە گیر کردەوە. پشیلەکە بەتەواوی تەنگەنەفەس بووبوو... لەودەمەدا بیرۆکەیەک بەخەیاڵی هەرزاڵدا ڕەتبوو.

***

هەرزاڵ ڕەکتەکەی درێژ کرد و لە دەستەکانی پشیلەکەی نزیک خستەوە. ئەویش چنگی لێ گیرکرد و توانی بگاتە لێواری گۆمەکە... بەم شێوەیە لە خنکان ڕزگاری بوو... تیسکە تەڕەکانی بە لەشییەوە نووسابوون. لاواز و بێ نمود دەینواند. کاتێ لەنێو چیمەنەکەدا بەتوندی خۆی ڕاوەشاند، ئاوێکی زۆری بەدەوری خۆیدا ڕژاند و وتی:



«خۆزگە مەلەم دەزانی!»

هەرزاڵ دوای ئەم خەیاڵە خۆشە، ئەلبومەکەی داخست و بردی لە شوێنی خۆیدا دایناوە.

دهۆک ١٩٩٧/٨/٢٤



# دەمەو ئێوارەیەک

دەمەو ئێوارە، مراوییە سپییەکە بەلەنجە و لار گەیشتەوە بەردەم دەرگای ماڵەوە. لە دوایەوە، حەوت بێچووە



مراویی نەرم و شل بەڕیز بەشوێن یەکدا دەهاتن. پشیلە سوورەش برسی بوو. لەو دەور و ناوە بۆ ماڵ و مووش دەگەڕا. لەپڕ بێچووە مراوییەکانی دی. لە دڵی خۆیدا وتی:

«خۆشی لە خۆم. ژەمێکی چەور و نەرمم دەست کەوت!»

چرنووکەکانی بردە ناوەوە. لەسەرخۆ، بێ سرتە دوایان کەوت. مرخی لەوەی دوای داوە خۆش کرد.



(شێرە) سەگی هەمان ماڵ بوو. ماندووبوو. تازە لەگەڵ مێگەلەکەدا گەڕابووەوە. پشیلە سوورەی بینی و لە نیازی گەیشت. شێرە زۆر

قینی لە پشیلە سوورە بوو. چونکە گەلێ جاران پڕی دەدایە ئەو ئێسک و پروسکەی بۆ ئەویان دادەنا...

شێرە بێ دەنگ، بەماتەمات دوای پشیلە سوورە کەوت. لە دڵی خۆیدا بەقینەوە دەیگوت: «هەر ئەمجارە بیگرم، دەبێ بەدەردێکی ببەم یەکێ بڵێ ماوە و سەد بڵێ تۆپیوە!»



وەک واگۆنی شەمەندەفەر، بەشوێن یەکدا دەجووڵان. دایکە مراوی لە پێشەوە. حەوت بێچووەکە بەدوایەوە. پشیلەکە بەدوای بێچووەکاندا. ئەمجا سەگەکە.

دایکە مراوییەکە، وەک چرپەی گیاندارێکی نامۆی هەست کردبێ. بەپەلە لای کردەوە. چاوە مۆنەکانی پشیلەکەی دی و کردی بەقیرەقیر. باڵەکانی فش کردەوە و بەرەو ڕووی چوو. پشیلەکە پاشەوپاش گەڕایەوە. دایکە مراویش بێچووەکانی لەبن باڵەکانیدا کۆکردەوە.

هەر لەو دەمەدا، شێرەش دەیویست شاڵاو بۆ سەر پشیلەکە ببات.

هاوکات پشیلەکە وەک بۆنی گیاندارێکی نامۆی کردبێ، سەرنجێکی بەپەلەی دواوەی دا. لمۆزی ڕەشی شێرەی دی. ئیدی پشیلە سوورە بەهەموو





هێزی بازی دا. بەقەدی دارتووەکەی بەرامبەری خۆی گرتەوە. بەپەلە و بەچنگەکڕێ، بەدارتووەکەدا هەڵزنا. سەگەکەش سێ چوار جار لەسەریەک خۆی بۆ هەڵدا. لەوەدا بوو قەپ بە کلکیدا بکات، بەڵام نەیگەیشتێ. ئیدی لەبن دارتووەکەدا کەوتە حەپەحەپ.

بەهۆی چنگە تیژەکانی پشیلەکەوە، ژمارەیەک گەڵاتوو هەڵوەرینە سەر زەوی. لەوێوە بازی دایە سەربانەکە و بۆی دەرچوو.

لەودەمەدا کۆمەڵێ ئێسکیان فڕێدایە پێش شێرە. ئیدی ئەویش دوژمنایەتیی پشیلە سوورەی لەبیر چووەوە. بەدەم مڕەمڕەوە کەوتە ئێسک کڕاندنەوە.

کۆبنهاگن ١٩٩٩/٢/١٧

# کۆتر شین و زەوی سپی

«کار وەها بڕوات لە برساندا دەمرم.!»

کۆترە شینکەکە ئەمەی لەبەرخۆیەوە وت و بەهاوڕێکانی ڕاگەیاند:

«چیدی خۆم پێ ڕاگیر نابێ. دوور دەفرم، بەڵکو نەختێ بژێوی پەیدا بکەم.»

کۆترێک وتی:

«زەمین سپییە و هیچت بۆ پەیدا نابێ. با ڕەشایی بکەوێتەوە، ئەوسا پێکەوە دەفڕین.» ئەوانی دیکەش ئەم ڕایەیان بەلاوە پەسەند بوو. بەڵام کۆترە شینکەکە بێ پەروا دای لە شەققەی باڵ و جیابووەوە.

سەدان کۆتر بوون. برسی و ڕچیوی سەرما... کون و ڕەفە و ئەشکەوتەکانی چیایان کردبووە دالّدە... چیای بڵند و سەخت. کەیلی بەفر...



کۆترە شینە تەنیاکە دوورکەوتەوە. بەدەم فڕینەوە ئامۆژگارییەکانی دایکی دەهاتنەوە یاد:

«چاوێکتان لە ئاسمان بێ نەبادا ببنە نێچیری واشە و باز و هەڵۆ. چاوێکیشتان لە زەوی بێ نەوەکا ببنە نێچیری ڕاوچییان...»



کۆترە شینکەکە لەو بەرزاییەوە چاوی دەگێڕا. نە لە ئەسمان و نە لە زەوی جموجووڵی هەست پێ نەکرد... ئەوەی دەجووڵا ڕووبارەکە بوو. چۆن مار دەکشا. لەسەر زەمین، درەختەکان سپی، پێدەشت سپی و چۆڵ و هۆڵ... دیسان قسەکانی دایکی هاتنەوە یاد:

«ئەگەر دانی ڕۆکراوتان بینی، سوور بزانن فێڵێک لە ئارادایە... فریو مەخۆن. برسی بن چاکترە لەوەی بەداوەوە بن...»

بەردەوام دەفڕی و چاوی دەگێڕا... پارچە زەوییەکی بەدی کرد، بەفری لێ چووبووەوە. لەنێو دنیای سپیدا ڕەش دەچووەوە. لەسەرخۆ داهاتەوە و لەسەری نیشتەوە. کەوتە گەڕان و پشکنین... بەدەم پشکنینەوە بەشێکی دیکەی فەرمایشتەکانی دایکی وەبیرهاتەوە:

«دەعبای کێوی هەن خۆیانتان لێ دەکەن بەنوستوو یان بەمردوو تاکو فریوتان بدەن...»

کۆترە شینکەکە دەگەڕا. بەدەم سۆراخی خۆراکەوە، لەبەرخۆیەوە وتی:

«جا خۆ بەقسەکانی دایکم بێ، دەبێ سەر لە کون دەرنەهێنم.!» سەری هەڵێنا. هیچی نوێ لە ئارادا نەبوو.

«جموجووڵی سەر بەفر بەئاسانی دەبینرێ.» ئەمەی وت و کەوتەوە گەڕان. برسی و ماندوو. لە سەرماندا خۆی گیڤ کردبوو... گەورەتر دەینواند... حەزی لێ بوو بگمێنێ تاکو کەمێ ورە بداتە بەرخۆی. کەچی هەرچەند کۆشای دەنگی دەرنەهات.

خەونی بەگەنم و هەرزنەوە دەبینی. بەدەنووکە تیژەکەی خێرا خێرا زەویی

هەڵدەکۆڵی. لەناکاو دەنکە گەنمێکی بینی. خێرا خواردی... دەنکێکی دی... دووانی دیکە... پەلەپەلی پێ کەوت. ئیدی لە خۆشیاندا خەیاڵ و قسەکانی دایکی بیرچوونەوە... بێ خەم دانی دەخوارد... نەختێ چووە پێشتر. ژمارەیەکی زۆر دەنکە گەنمی دیت. بەدەم دان خواردنەوە ئاوەهای بۆ دەچوو:

«هەبێ و نەبێ بارە گەنمێک لێرەوە ڕەت بووە... بارە گەنمەکە کونی تێدا بووە.!»

دەنکە گەنمەکان وەک کاروانی مێرووله بەشوێن یەکدا ڕیز بووبوون... کاتێکی زانی چیکلدانی گەورە بووە و لە پێشییەوە دەلەرێتەوە... لەبەرخۆیەوە وتی: «ئەوەندەم خواردووە تا هەفتەیەکی دیکە برسیم نابێ.!»

لەپڕ، لەژێر پێ بچکۆڵەکانیدا زەمین لەرزی. لە ژوور سەریشییەوە جووڵەیەکی خێرای هەست پێ کرد. هەمووی لە چاوترووکاندنێکدا ڕووی دا. ئەم دنیا گەورەیەی لێ هاتەوە یەک. لەنێو تۆڕێکدا بەند و گرمۆڵە بوو. چەند خۆی ڕاپسکاند و هەوڵی دا دەرباز نەبوو... دەیتوانی تەنیا سەری لە ئەڵقەی تۆڕەکەوە دەربهێنێ...

لەنێو تۆڕەکەدا خەمێکی قورس دای گرت. لە دەرەوەیش خاوەن تۆڕەکە بەدەم زەردەخەنەی ڕا لەخۆبوونەوە لێی دەهاتە پێش.

***

خاوەن تۆڕەکە گوێنییەکی بەکۆڵ دادابوو. ئەو بەتەمابوو پڕی بکات و



بەدەستکەوتی زۆرەوە بگەڕێتەوە، بەڵام کاتێ سەرنجی دا بەبێزارییەوە وتی: «خۆ ئەوە تۆڕەکەم تەنیا کۆترێکی پێوەبووە!... کۆترێک بەکەڵکی چی دێ؟... کەواتە سەری تۆڕەکانی دیکە دەدەم و پاشان دەگەڕێمەوە ئێرە.»

خاوەن تۆڕەکە ئەمەی وت و دوورکەوتەوە.

***

کۆترەکە هێندە هەڵفڕ هەڵفڕی کردبوو، بێ وره و ماندوو لە گۆشەیەکی تۆڕەکەدا هەڵکورمابوو. ئەو سەدان جار بەشپرزەییەوە سەری بەنێوان کونەکانی تۆڕەکەدا کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی بوو خۆی ڕزگار بکات. ئەوەندەش دانی خواردبوو چیکلدانی هەڵئاوسابوو. ئیدی چۆن بەکونەکانی تۆڕەکەدا بچێ؟



کۆترەکە وردە وردە هێمن بووەوە. کەوتە بیرکردنەوە و ڕامان. لەپڕ بیرۆکەیەکی بۆ هات... ئیدی هەر لە ئاستی خۆیەوە بەدەنووک بەربووە تاڵێک لە ڕایەڵەکانی تۆڕەکە. دیتی زۆر پتەو و بەهێزە. هێنای هەمان تاڵی نایە سەر پانە بەردێکی چکۆڵەی بەردەم خۆی و بێ وەستان بەدەنووک ڕای

گرتەوە. ئەوەندە خێرا دابوویە بەر دەنووک چاو کاری لێ نەدەکرد. دوای ماوەیەک، بەماندووبوونێکی زۆر داوەکەی قرتاند. لەوەدەمەدا ئازار هورووژمی بۆ سەر و گەردنی هێنا، بەڵام گوێی نەدایە. ئەو لە خەمی ئەوەدا بوو خۆی دەرباز بکات. چەند هێزی دایە بەرخۆی هێشتا هەر نەیتوانی ئاودیوی تۆڕەکە ببێ. ئەو بەکەلەبەرەکەوە نەدەچوو.

«دەبێ هەوڵ بدەم داوێکی دیکەش بقرتێنم. دەنا ڕزگار نابم.»



کۆترەکە ئەمەی لەبەرخۆیەوە وت و تاڵێکی دیکەی پاڵ داوە قرتاوەکەی هێنایە سەر بەردەکە و بەدەنووک کەوتە کوتانی. ئەو خێرا و بەهێز دەنووکی لەسەری بوو. ئەگەرچی ئازاری زۆری هەبوو، بەڵام کۆڵی نەدا. ترسی ئەوەی لە دڵ گەڕابوو، خاوەن تۆڕەکە بگەڕێتەوە سەری.

بەڕەنج و تەقەللایەکی زۆر توانی ئەم تاڵەشیان بپسێنێ. ئیدی دەلاقەی تۆڕەکە فراوانتر بوو.

کۆترە شینکەکە، پێ پەمبە وردیلەکانی لە زەوی گیرکرد و بەهەموو هێزییەوە خۆی بە کەلەبەرەکەدا کرد. کاتێکی زانی ئازادە و بەئاسمانەوە باڵەفرکەیەتی.

«ڕزگارم بوو!!»



بەخۆشییەوە وەهای وت و بەو بەرزاییەوە سەرنجێکی ژێر باڵەکانی دا... دیتی وا خاوەن تۆڕەکە جارێکی دی دەگەڕێتەوە هەمان شوێن.

کۆترە شینکەکە هەوراز بەرەو تاقی ئاسمان هەڵکشا و ئەمجا ڕێک بەرەو چیا دایەوە لە شەققەی باڵ.

کۆپنهاگن ٢٥/١/٢٠٠٠

# کۆنگرەکەی هەڤاڵ مشکۆ

هەڤاڵ مشکۆ لەبەر ڕۆشناییی چراکانی کۆڵان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ساز کرد. وتارێکی دوورودرێژی دا. ئەمجا پەیامنێری ڕۆژنامەی (تەڵەتەقێن) کە مشکێکی گوێ قوتی بێ کلک بوو، پرسی:



«کێشەی گەورەمان پشیلەیە. فێرمان بکە چۆن خۆمانی لێ بپارێزین؟»

مشکێکی چاویلکە لە چاو، پەیامنێری هەفتەنامەی (مشکستان تایم) بوو، پرسی:

«فێرمان بکە چۆن لەناوی ببەین. تا جارێکی دی چاومان بەسەرنجی مۆنی پشیلە نەکەوێتەوە!»

پەیامنێری (مشک تی ڤی) وردیلەیەکی کلک درێژی چاوڕەش بوو. ملبەندێکی کەسکی لە ملدا بوو، پرسی:

«با هەڤاڵ مشکۆ ئەزموونی خۆیمان بۆ باس بکات. چۆن توانیویەتی تاکو نهۆ لە چنگی پشیلە ڕزگاری ببێ؟!»

کۆڕگێڕ، پرسیارەکانی پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی و (رادیۆی زیکەزیک)ی کرد بەیەک، کە ئەمە ناوەڕۆکەکەی بوو:

«بۆچی لەم جەنگە نابەرامبەرەدا دوای هاریکاری لە سەگەل نەکەین؟»



هەڤاڵ مشکۆ چەند جارێک لە زیکەی دا. گەرووی پاک کردەوە. چاویلکەکەی لەسەر کەپووی تەرازوو کرد و وتی:

«ئەی کۆمەڵانی مشکی ستەمدیدەی مشکستان. باو و باپیرانمان پشیلەیان لە ئێمە کردووە بەئەفسانە. گوایە هیچ مشکێک لە چنگی ڕزگاری نابێ...! مرۆڤیش هەمیشە وەک ترسنۆک و هیچ لەباردا نەبوو باسی بەرەی مشکانی کردووە. لەنێو مرۆڤدا یەک دۆستمان هەبوو. ئەویش (واڵت دیزنی) بوو... بەداخەوە زوو مرد. تەنانەت زانایانیش تاقیکردنەوەکانیان لەسەر مشکان جێبەجێ دەکەن.



بەڵام هەمووتان لە تەلەفزیۆنەوە بەسەرهاتەکانی -میکی ماوس-تان دیوە. خۆ سەرنجتان داوە ئەو مشکە قارەمانانە چۆن بەگژ پشیلە پۆرخزەکاندا دەچنەوە و پیلانەکانیان پووچەڵ دەکەنەوە؟... من لەسەر ئەم چیا سەختەوە...»

پەیامنێری مشک تی ڤی، بەپەیامنێری ڕادیۆی زیکەزیکی تەنیشتی وت:

«کامەتا چیا؟!... هەی های!... هەڤاڵ مشۆ کاتێ وتار دەدا بەردێکی گچکەی لێ دەبێ بە چیا!...»

هەڤاڵ مشکۆ لەسەر وتارەکەی بەردەوام بوو:

«... پێشنیاز دەکەم پێشی ماڵەکانتان بەتەلی دڕکاوی تەلبەند بکەن... پشیلە زەندەقیان لە ئاو چووە. کامەیان کەللەی زۆر زلە، لە تەشتێک ئاودا دەخنکێ. بۆیە بۆ دڵنیایی، دەکرێ ئەودیوی تەلبەندەکە هەڵبکۆڵن و ئاوی بکەنە سەر...»

مشکان کردیان بە تلی لی لی. بەڵام پەیامنێری مشک تی ڤی زیکاندی:

«نە تەلی دڕکاویمان بۆ پەیدا دەبێ. نە چاڵمان پێ هەڵدەکەندرێ. نە ئاویشمان بۆ لە چاڵ دەکرێ. ئێمە بەحاڵ بەزەوییەوە دیارین (میکی ماوس)یش مشکی سینەمایە نەک هی ڕاستی!!»

هەڤاڵ مشکۆ یەکسەر وەڵامی دایەوە:

«کام کارەی ستەمە دەکرێ بەهەرەوەز ئەنجام بدرێ. پشیلە بەو ڕادەیەش ترسناک و خەتەرناک نییە وەک هەندێ مشک بۆی چوون و زەندەقیان لێی چووە... ئێمە زۆر لەوە ئازاتر و دلێرترین کە...»

لەناکاو پشیلەیەکی کەللەزل، سمێڵ درێژ و چنگ تیژ بەمیاو میاو پەیدا بوو. هەڤاڵ مشکۆ شڵەژا... ئەو دەنگە زوڵاڵەی پێشتری نەما. بەڵام هەر بەردەوام بوو:

«... ئەو دەنگە نا...ا...ا...سازە... هی هی ئەو بەبەڵای خـ...خـ... خوایەیە کە لەوساوە با... باسی دە... دەکەین بێ کەم و زززیاد خـ ... خـ ... خۆبەتی... پـ... پـ... پشیلەکەیە... پشیلە!»



لەو دەمەدا کە پەیامنێرەکان بەدڵە لەرزەوە ئاوڕیان لە پشیلەکە دەدایەوە، هەڤاڵ مشکۆ، بەپەلەپڕووزێ لە بەردەکە هاتە خوار. خێرا خۆی خزاندە کونێکەوە و لە چاو ون بوو... پاسەوانە تایبەتییەکانیشی نەیانزانی ڕووی لە کوێ کرد و چۆن خۆی شاردەوە... پەیامنێرەکان پەشۆکان. بەپەلە هەریەکە و بەلایەکدا غاریان دا... بەدەم غاردانەوە دەکەوتن و هەڵدەسانەوە. تلۆردەبوونەوە. بەسەریەکدا دەکەوتن... ئا لەو دەمەدا، پەیامنێری مشک تی ڤی وتی:



«ئێستا دەزانم هەڤاڵ مشکۆ بۆچی لە هەموومان پتر ژیاوە؟!. ئەو هەمیشە لە هەڵاتندا لە پێشی پێشەوە بووە!»

تورکیا- قەیسەری ٢٠/٦/١٩٩٨

# چەپڵەیەک بۆ ڕێوی

مامۆستا سامان تەباشیرەکەی دانا و ئەم چیرۆکەی بۆ قوتابییەکانی گێڕایەوە:

لەبەر هەیوانەکەماندا قەفەزێکی ئاسن هەبوو. بێچووە ڕێوییەکی تێدابوو. چاوگەش، گوێ قوت، تیسکن و کلک درێژ، ڕەنگ زێڕین... هەردەم هەوڵی دەدا لە قەفەزەکە ڕزگاری بێ. سەری بەنێوان شیشەکاندا دەکرد. نووزەنووزێکی لێوە دەهات، لە پاڕانەوە دەچوو... پێ دەچوو غەریبی لانەکەی و خوشک و براکانی بکات.




هاوکات مریشکێکی کونجمان هەبوو. ژمارەیەک جووجەڵەی خرپنی لەبەربوو. بەقرتەقرت و جووکەجووک حەوشەکەیان تەی دەکرد. ئێواران دەگەڕانەوە بۆ کولانەکەیان...

قەفەزی ڕێوی و کولانەکە بەرامبەر بوون. جووجەڵەکان ئازاد و بێ باک بوون. بەپێچەوانەوە ڕێوی بێ ئۆقرە بوو.



لەپڕ جووجەڵەکان دەردیان تێ کەوت. ڕۆژانە لێیان دەمرد... ڕێوی بەوردی سەرنجی دەدان. بەتایبەت کاتێ جووجەڵە مردووەکەم دەخستە تەنەکەی خۆڵەکەوە و بەجێم دەهێشت... ئیدی بۆ سبەی خۆڵڕێژ، تەنەکەکەیان بەتاڵ دەکردەوە.

ڕێوی سەرنجی دەدا و دەیبینی هەمیشە جووجەڵە مردووەکان دەخرێنە تەنەکەی خۆڵەکەوە و پاشان بۆ دەرەوە بەڕێ دەکرێن.



کار گەیشتە ڕادەیەک تەنیا جووجەڵەیەک مایەوە. ڕێویش وەک جاران پەلەقاژەی ڕزگاربوونی دەکرد.

ڕێوی ئەو تەنیا جووجکەی خستبووە ژێر چاودێرییەوە. وەک بیەوێ بزانێ چارەنووسی بەچی دەگات. ئەو لەم سەرنج دانەوە شت فێر دەبوو.

ڕۆژێکیان لە قوتابخانە گەڕابوومەوە. یەکسەر بۆ لای ڕێوییەکە چووم. ئەو لەناو قەفەزەکەدا پاڵ کەوتبوو، نەدەجوولایەوە. چاوەکانیشی نووقابوون. وەک جاران دوو پەنجەم نایە سەر زمانم و فیکەیەکی قایم بۆ لێ دا. کەچی بەئاگا نەهات.

دەستم بەفەرووە نەرمەکەیدا هێنا ، هەر نەجوولایەوە. دایکم بەدەنگێکی

خەمناکەوە وتی:

«خۆت خۆش بی سامان. لە بەیانییەوە مردووە!»

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، دەرگای قەفەزەکەم کردەوە... گوێچکەیەکیم گرت و لەسەر شێوەی جووجەڵەکان ئەویشم خستە تەنەکەی خۆڵەکەوە.

لەوەدەمەدا کە دەمویست دەست و چاوم بشۆم، گوێم بەتەپەیەک زرنگایەوە. ئاورم دایەوە. چی ببینم باشە؟... ڕێوییەکە بوو!!... بازێکی دا و لە دەرگای حەوشەوە بۆی دەرچوو... حەپەسام... دوای کەوتم... ئەو بەغار بەگردەکەدا سەردەکەوت... فیکەیەکم بۆ لێ دا. ئاوڕی لێ دامەوە و هەڵوێستەیەکی کرد. وەک بڵێ:

«خوات لەگەڵ. ئازادیم لە تۆ خۆشتر دەوێ. ئیدی یەکدی نابینینەوە... بای بای!»

هەروایش بوو. تێی تەقاند و لە چاو بزربوو... لە لایەک دڵتەنگ بووم، چونکە هاوڕێییەکم لە دەست دا. لە لایەکی دیکەوە بەزیرەکییەکەی سەرسام بووم. ئەو لە مردنی جووجەڵەکانەوە فێربوو خۆی ڕزگار بکات.







بۆیە هەتا دەستەکانم ماندووبوون چەپڵەم بۆ لێ دا... ئا... ئەوەی زیرەک بێ دەبێ چەپڵەی بۆ لێ بدەین...

زایەڵەی زەنگێکی لەناکاو، کۆتایی بەوانەی کوردی هێنا. مامۆستا سامان پۆلەکەی جێ هێشت.

هەولێر ١٩٩٨/٢/٢٣

# پێشبڕکێ

لەو چیای کاردۆخە، بێچووە پڵنگێک و بێچووە ورچێک یەکدییان دەناسی... هەرچی بێچووە پڵنگەکە بوو تا برسیی نەبوایە لەدووی نێچیر نەدەگەڕا. بەڵام ورچەکە تێر خواردنی نەبوو.

ڕۆژێک پڵنگەکە لەسەر تاشە بەردێکی کەناری (چەمی دێوانە) هەڵتووتابوو... لە پاڵیدا ورچەکەیش ملچەملچ خەریکی ماسی خواردن بوو... بێچووە پڵنگەکە گوتی:

«ئەهـ برا!... ڕۆژ تا ئێوارە دەمت دەجووڵێ.!»

بێچووە ورچەکە بەدەنگێکی گڕەوە وەڵامی دایەوە:

«بەڵام من لە گشت بوارەکاندا لە پێش تۆوەم... لە خواردنیشدا...!»

پڵنگ پرسی: «کام بوارانە؟»

پڵنگەکە چنگێکی بەزاریدا هێنا و گوتی: «وەک مەلەوانی!»

پڵنگەکە وتی: «منیش مەلە دەزانم. بەڵام با قسەی تۆ بێ... دوای ئەوە؟»



ورچەکە کەمێ دوورکەوتەوە. بەردێکی پڕ بەچنگی هەڵگرت و گوتی:

«دە تۆیش دەست بدەرە بەردێکی وەها!»



پڵنگەکە بەسەرسووڕمانەوە وتی: «لە مەبەستت تێ ناگەم؟!»

ورچەکە بەبڕوا بەخۆبوونەوە وتی: «بەرد دەهاوێین. بزانین هی کامان زۆر دەڕوات؟»

پڵنگەکە لە سەرخۆ گوتی: «لەم بوارەشدا پێشبڕکێت لەگەڵدا ناکەم.!»

ورچ سووربوو لەسەر ملانێ، گوتی:

«خۆت ئامادە بکە تف هەڵدەدەین. بزانین هی کامان زۆر دەڕوات؟!»

ئاورێکی بەپەلەی دایەوە و گوتی:

«ئەو گاشەبەردەی پشتەوەت دیوە؟... سەرنج بدە... ئاخ خ خ... تف ف ف... بڕوانە چۆن بەتف سواغم دا.!»

پڵنگەکە وتی: «لەمەشیاندا دەستێکی باڵات هەیە... بەڵام یەع.! کارێکی قێزەونە و هیچ هونەرێکی تێدا نییە... چی دیکە؟»

ورچەکە بەخۆ هەڵکێشانەوە گوتی: «خۆت سەرپشک بە. من ئامادەم لەگەڵ هەموو گیاندارانی ئەم زنجیرە چیایەدا بۆربۆڕێن بکەم!»

پڵنگەکە وتی: «تۆ نە هێندەی گورگ بەسام و چاوتیژی، نە هێندەی ڕێویش فێڵزانی!. دارەوانی. بەڵام سمۆرە لەتۆ دارەوانترە.! شاخەوانی. بەڵام کەڵەکێوی لەتۆ شاخەوانترە!»

ورچەکە تووڕە بوو... کردی بەبۆڕەبۆڕ... هەڵسایە سەرپاشوو. لە بەرزاییەوە سەرنجی بێچووە پڵنگەکەی دەدا، کە هێندەی پشیلە کێوییەک دەبوو...

گوتی: «داوای مەیدانت لێ دەکەم!»

پڵنگەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەگەر وەڵامی نەدەمەوە لەوانەیە لەلای گیانداران خراپ باسم بکات!»

ورچەکە زیاتر دەنگی هەڵبڕی، گوتی: «ئەوە گوێت لێ نەبوو؟! داوای مەیدانم لێ کردی!»

پڵنگەکە وتی: «بەڵێ گوێم لێ بوو. سەرنجی چەمی دێوانە بدە. هەر حەوت هەشت مەتر پانە. دەتوانی باز بدەیتە ئەوبەر بەمەرجێک قولەپێت تەڕ نەبێ؟»

ورچەکە گوتی: «لەپێشدا خۆت هەڵچۆ... ئەگەر منیش بازم نەدا، ئەوا مافی گلەییت هەیە!»

پڵنگەکە چەند هەنگاوێک کشایەوە، ئەمجا وەک با هات. هەر هات. پاشووەکانی لە تاوێری کەناری چەمەکە گیرکرد و خۆی هەڵدا. وێنەی باڵدار بەسەر چەمی دێوانەدا وژەی کرد و لەوبەر کەوتەوە سەر زەوی...

ورچەکەیش پاشەوپاش گەڕایەوە. ئەمجا هات. بەخێرایی دەهات. بەرسینگی دەلەرییەوە. سەرپشتی دەلەرییەوە. بەتەپەتەپ هەر هات... لەسەر هەمان تاوێرەوە خۆی هەڵدا. چوارپەلی بەئاسمانەوە دەجووڵانەوە.



لە ئاستی ناوەڕاستی چەمەکەدا، لەو بەرزاییەوە کەوتە ناو ئاوەکەوە. شڵپەیەکی وەهای لێ هەڵسا، چی ئاژەڵ و باڵداری ئەو نزیکە هەبوون ڕەوینەوە و هەڵفڕین. ئاو هێندەی باڵای بییە چەمیلەیەک بەرزبووەوە. دوای ماوەیەک



ورچەکەیان لە قووڵایی ئاوەکەوە دەرهێنا. بەهەناسەبڕکێ و بۆڵەبۆڵ پەڕییەوە. خۆی ڕاوەشاند و بەهەر چوار لادا کەوتە ئاوپرژێن. پڵنگەکە پێکەنی... بۆقەکان هاتنە پێکەنین... قرژانگەکان هاتنە پێکەنین... ماسییەکانیش هەر پێکەنین...

ورچەکە بەتووڕەییەوە گوتی: «ئەمەیان حساب نەبوو. مەرجی پاڵەوان سێ جارە!»


پڵنگەکە هەڵی دایە: «کونە هەنگێک دەزانم، ئەگەر توانیت بیگەیتێ، چی هەنگوینی تێدابوو بۆ خۆت.!» ورچەکە وتی: «تۆ ئەمەیان بڵێ... لە کوێیە؟!»

پڵنگەکە گوتی: «هاهاها... ئەو بنجە بایەفەت بەو قەدپاڵەوە دیوە؟... دەسا کونە هەنگەکە ڕێک لە ژێریایەتی!»



ورچەکە بەبێ لێکدانەوە بۆی کشا... چنگە تیژەکانی لە چیاکە گیرکرد. چیا وەک دیوارێک لووس و ڕێک هەڵچووبوو. پلیکانە و شوێن پێی نەبوو... ورچەکە کەمێک سەرەدەکەوت و دەخزا. بەچنگەکرێ خۆی دەگرتەوە. تەواو ماندوو بوو ئەمجا گەیشتە بنجە بایەفەکە. لەوەدەمەدا شارە زەردەواڵەیەک کە ڕێک لەژێر بنجە بایەفەکەدا بوو

ورووژا... زەردەواڵە بەیەکدا هاتن. بە گیز و هوڕ لە سەروچاوی ورچەکە ئالآن. لێکدا لێکدا چززەیان لێ هەڵدەساند. ورچەکە ئازارێکی زۆری پێ گەیشت. لەنگەری تێکچوو. چنگی لە چیاکە بەربوو. بەپشتدا هات. وێنەی گلۆڵە بەنێکی هێجگار گەورە لەو چیایەوە بەربووەوە. ئەمجا سەرەوخوار خل بووەوە. بەسەر دەوەن و بەسەر درک و بەسەر بەرددا هەر خل دەبووەوە. دوا جار لە تەختانی بناردا کەفت گیرسایەوە.



پلنگەکە بەپەلە گەیشتە سەری. لەوەدەمەدا کە لەشی لە درک و وردە زیخ بۆ پاک دەکردەوە، پێی گوت:

«مەرجی پاڵەوان سێ جارە. جارێکت ماوە!»

ورچەکە چنگی بەسەروچاوە ئاوساوەکەیەوە گرتبوو. بەدەم ئازارەوە، وەڵامی دایەوە: «تەواو. ئیدی گرەوت لەگەڵدا ناکەم!».

کۆپنهاگن - ١٩٩٩/٨/٢٢



# نیوەڕۆت باش بۆقیلەی جوان


مارێکی درێژ، بەڵەک و قەف ئەستوور، هەم برسی، هەم تینوو، هەم گەرمایشی بوو. بەرەو کانیلەیەکی ڕوون کشا. کانیلەکە هەردوو بەری چڕە پونگەیەکی سەوزبوو. لەژێر بنجە پونگەکاندا پەپکەی خوارد... بۆقێکی سەوزی بەرگەردن سپیش لە سێبەری چڵە پونگەیەکدا دەحەسایەوە. لە دڵی خۆیدا وتی:

«ترسم لێی نییە. ئاوەڕۆی کانیلەکە نێوانمانە. ئەگەر نیازیشی خراپ بێ، هەتا ئەو شالآوەم بۆ دێنێ من بازێک دەدەم و دەرباز دەبم!»

بۆقەکە بەردەوام بەربینە سپییەکەی لێی دەدا. چاوە زەقەکانی بڕیبووە مارەکە و قیرەی لە خۆی بڕیبوو.

مار وتی: «نیوەڕۆت باش بۆقیلەی جوان!»

بۆق بەدەنگێکی لەرزۆک قیراندی: «ژیانت باش شاماری بەڵەک. بەخێرهاتی سەرچاو.»



مار وتی: «پەحا، کە ڕۆژێکی گەرمە!. ناچاری نەبێ کەی ئێرە شوێنی حەسانەوەیە؟!»

بۆق وتی: «پەحا، وادیارە دڵت بەم

کانیلەیە ناکرێتەوە!»

مار وتی: «بەڵێ وایە. چونکە شوێنی خۆشتر پێ دەزانم. نیوەڕوان لەوێ لە سای شۆڕەبییەکدا کات بەسەر دەبەم. تافە تافی ئاوی، شنەی شەماڵی مەرهەمن بۆ برینان. لەوێ پێویست ناکات بەشوێن مەگەزدا بگەڕێی بۆقیلەی جوان. مەگەزەکان بەباڵی خۆیان دەفڕنە زارتەوە!»

بۆق: «ئەو شوێنە خۆشە ناوی چییە؟!»


مار: «چەمی بۆقاوا!»

بۆق بەپەرۆشەوە وتی: «چەمی بۆقاوا! ناوێکی چەند خۆشە؟! دوورە لێرەوە؟»

مار وتی: «تێ ناگەم.! پتر دەنگ هەڵبڕە، یاخود وەرە لامەوە.»

بۆق قیڕاندی: «ها...؟ ئاخر لێت دەترسم!»

مار وتی: نانا، مەترسێ. من مارێکی بێ وەزەن و بۆق دۆستم. نێوانیشم لەگەڵ بۆقەکانی چەمی بۆقاوادا زۆر خۆشە!.»



بۆق لەبەرخۆیەوە وتی: «دیارە دڵی پڕە لە بەزەیی. دەنا کەی مار بێزی هاتووە قسەی ئاساییش لەگەڵ بۆقدا بکات؟» بازێکی قایمی دا. لە تەنیشت مارەکەوە کەوتەوە زەوی و وتی:



«دە ئێستا باسی چەمی بۆقاوام بۆ بکە؟... چەند لێرەوە دوورە؟»

مار خۆی لێ نەبان کرد، وتی: «دەتۆ زێتر وەرە پێشەوە، ئاخر وەک وتم گوێم گرانە.!»

بۆق هاتە پێشترەوە و پرسیارەکەی سێ بارە پات کردەوە.

مار وتی: «ئێستا تەواو لە یەکتر دەگەین. ئافەرین!. ئەودیوی ئەو گردەی بەردەممان کەوتووە.»

بۆق: «دەتوانی ڕێگەکەم نیشان بدەی؟»



مار: «بەسەرچاو... پێکەوە دەڕۆین!»

بۆق: «منیش زۆر سوپاست دەکەم.»

بۆقەکە دڵی خۆش بوو. وای زانی پێشی دەکەوێ و دەبێتە ڕێبەری، ماری بەڵەک لەپڕ فیشکاندی، گەردنی هەڵبڕی، وتی: «تازە باڵیش بگری بواری هەڵاتنت نییە و لە دەستم ناقونێی. لە سەریشەوە قووتت دەدەم!»

بۆقەکە لەرزی لێ هات. نەیزانی چۆن خۆی ڕزگار بکات. بەکەساسییەوە وتی: «بەکەس و ئاشنام زانیت بۆیە بڕوام پێ کردیت!»

مار وتی: «هەتا نەکەوتیتە داومەوە بەخۆت نەزانی. تۆ دوو جاران گێلی.!»

بۆق بەدەم هەڵڵەرزینەوە وتی: «من تازە ڕۆژم تەواو بووە. دەکرێ بۆم ڕوون بکەیتەوە لەبەرچی دوو جاران گێلم؟!»

مار وتی: «یەکەم، هێشتا هیچ خزمەتێکم پێشکەش نەکردووی سوپاسم دەکەی... دووەم: ئەوەندە خۆش باوەڕیت بڕوات بەگفت و بەڵێنی ماریش هەیە.!»

لەودەمەدا کە زاری کردبووەوە و بەنیاز بوو لەسەریەوە قووتی بدات. بۆقەکە لە حەشمەتا هەتا توانای هەبوو قیڕاندی... لەقلەقێک بە سەراوردەوە دەسووڕایەوە، گوێی لە قیڕەی بۆقەکە بوو. بۆی داهاتەوە. بەڵام کاتێ لە بەسەرهاتەکە گەیشت ڕای خۆی گۆڕی. لەبری ئەوەی پەلاماری بۆقەکە بدات. دەنووکی تیژی لە ناوقەدی مارەکە گیرکرد و هەڵی کێشا بۆ تاقی ئاسمان.



بۆقە تۆقیوەکە دوای ماوەیەک ئاهێکی پێدا هاتەوە، لەبەرخۆیەوە وتی: «مارەکە ڕاستی وت. دوو جاران گێلم...! بەڵام ئەویش لانی کەم جارێک گێل بوو. چونکە بیری تەنیا لای ئەوەبوو چۆن چۆنی بمخوات... حسابی ئەوەی نەکردبوو لەوانەیە خۆی ببێتە نێچیر!»

کۆبنهاگن - ١٩٩٩/١٢/٢٥



# منی ورچ تۆی ڕێوی

ورچ کاتێ گەیشتە ئاستی ڕێوی ئیستێکی کرد وتی:

«ئەوە چیت لێ قەوماوە کوڕی قۆز وا بەواقەواق ئەم چۆمەت پڕ کردووە!؟»

ڕێوی وتی: «بێ حاڵم... نابینی چیم بەسەرهاتووە؟»

ورچ بە لاقرتییەوە وتی: «ئەی هاوارم هەی... بیستوومە بەرەی ڕێوی زیرەکن... کەچی بەپێچەوانەوە تۆ بەئاسانی فریوت خواردووە... بەداخەوە.!»

ڕێوی: «لاقرتیت بەئازاری خەڵک نەیەت. ڕۆژێکە و ئەمڕۆ فریام کەوە.»

ورچ: «جا چۆن چۆنی فریات کەوم؟»

ڕێوی: «تۆ بەهێزی... ئەم دوو ئاسنە نەفرەتییە لێک بڕەوێنەوە با دەستەکانم لە تەڵەکە بینەوە.»



ورچ: «ئەوا ڕزگاریشم کردی. خۆ تۆ تازە بووی بەکەم ئەندام.!»

ڕێوی: «دەستێکم



شکاوە. ئەوی دیکەیان تەنیا کوتراوە و ئازاری پێ گەییوە ئەگەر هاریکاریم بکەی دوای ماوەیەک چاک دەبمەوە.»

ورچ: «وا هاریکاریشم کردی. جارێکی دیکە دەبیتەوە بەتەڵەکەوە... سەیرە بەم ڕۆژگارە هەر ڕێوییە و بەتەڵەوە دەبن!!»

ڕێوی: «نانا... جارێکی دی من بێتو بەتەڵەوە نابمەوە. هەموو شتێک فێربووم. فریام کەوە هەرگیز چاکەت لە یاد ناکەم!»

ورچ: «بەڵام بیستوومە ئێوەی ڕێوی وەک خۆتان چاکەتان لێ ناوەشێتەوە، چاکەی خەڵکیشتان لەبەرچاو نییە.»

ڕێوی: «دڵنیابە منیش چاکەم لە دەست دێ. ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە تەنگانەیەکدا بگەمە فریات.!!»

ورچ: «باوەڕناکەم منی ورچ بەم هەموو هێزەمەوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان کارم بکەوێتە تۆی ڕێوی.!»

ڕێوی: «بەزەییەکت بەحاڵما بێ. هاکا خاوەن تەڵەکە گەیشت... دەزانی چیم بەسەردێنێ؟!»

ورچ: «چاک دەزانم... ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی!»



ڕێوی: «نۆکەرتم. ڕۆژێکە و ئەمرۆ. بەتەنیا جێم مەهێڵە.»

ورچ بەبێزارییەوە وتی: «من نۆکەر ڕاناگرم. خۆم خزمەتی خۆم دەکەم!»

بەبۆڵەبۆڵ دوورکەوتەوە. ڕێویش بەدەم ترس و ئازارەوە دەیواقاند... لەپڕ ورچ خاوی کردەوە. لەبەرخۆیەوە کەوتە مرتەمرت: «ئەگەرچی هەرگیز کارم تێی ناکەوێ بەڵام هەر بگەڕێمەوە سەری چاکترە.»

ڕێوی لە نێوان ژیان و مەرگدا بوو... ورچ تەڵەکەی ڕەواندەوە و ڕێوی ئازادبوو. بەدەم ئازارەوە دەیویست لەو چۆمە دوور بکەوێتەوە. بەڵام نەیدەتوانی هەنگاو هەڵبێنێ... ورچ کردییە کۆڵ... بردی، هەر بردی... لە زارکی ئەشکەوتێکدا داینا و ماڵئاواییی لێ کرد.

***

ڕێوی دوای چەند مانگێک چاک بووەوە. لەو بەسەرهاتەیشەوە ئەزموونێک فێربوو. جاروبار ورچەکەی دەبینی. بەگەرمی بەرەو پیری دەچوو. پێزانینی خۆی دەردەبڕی... هێشتا پاییز بوو. بەفر دەشت و چیای داپۆشی... ڕۆژێک ورچ بەهەناسەبڕکێ و پەشۆکاوی دای بەلای ڕێویدا... هێند شپرزە بوو ئاوڕیشی لێ نەدایەوە... ڕێوی سەری سوڕما. دوای کەوت و پێی وت:

«ئەوە بۆ وا بەپڕتاو ڕەتبووی؟... هیچ قەوماوە؟!»

ورچ: «هەر مەپرسە... بەدوامەوەن!»

ڕێوی بە پەرۆشەوە وتی: «کێن ئەوانەی وا بەدواتەوەن؟»

ورچ: «تفەنگچی بەدوامەوەن!»

ڕێوی: «هیچت لە دەست قەوماوە؟»

ورچ: «نەء... بەڕێکەوت بەلای گوندەکەیاندا ڕەتبووم. بەڵام ئەوان وا تێ گەیشتوون گوایە من هەنگەڵانەکەیانم بریوە!»

ڕێوی بەدڵنیاییەوە وتی: «هەرچۆنێ بێ من ئامادەم بۆ هاوکاریت!»

ورچ: «جا تۆ چیت لە دەست دێ؟... ئەوان تفەنگیان پێیە.! دەتوانی پێشیان لێ بگری؟»

ڕێوی: «نا، ناتوانم. بەڵام هەموو کێشەیەکیش چاری هەیە.»

ورچ هەڵدەهات و ڕێوی بەدوایەوە... ورچ بەهەناسەی سوارەوە وتی:

«کێشەکە لەم بەفرە دایە کە دنیای سپی کردووە. بۆ هەرلایەک مل دەنێم دیارم!»

ڕێوی: «بەپێچەوانەوە... تۆ سپیواشیت و بەفریش سپی. ئەگەر خۆت بدەیتە پەنا و نەجووڵێی، ئەوا بەئاسانی ون دەبیت.»



ورچ: «ئەوان دوای شوێن پێکانم کەوتوون کە بەسەر بەفرەکەوە دیارن!»



ڕێوی: «تێ گەیشتم، بێ بەڵابن، ئێوەی ورچ لە خێڵی پێ پانەکانن. لە دووررا شوێن پێتان وەک نەخش دیارە!»

ورچ: «بەسەر بەفرەوە دەها خراپتر... خۆ باڵداریش نیم تاکو بفڕم!»

ڕێوی: «هەرچۆنێ بێ، من دەتوانم یارمەتیت بدەم!»

ورچ: «ئادەی بتبینم... یەکێ لە فێڵەکانت بخەرە کار!»

ورچ بەردەوام هەڵدەهات و ڕێوی بەدوایەوە بوو. ژمارەیەک چەکداریش پووز بەپووزەوانە، دەست بەدەستکێش، لەچک کردوو، بەدوای شوێن پێکانی ورچدا دەهاتن... بایەکی سارد بەسەر بەفرەکەدا دەیگڤاند و بەرەو ڕوویان دەبووەوە.

ڕێوی وتی: «بیرۆکەیەک بەخەیاڵمدا هاتووە. دەتۆ نەختێ لەسەرخۆ بە. من وا خەریکە تەنگەنەفەس دەبم.»

ورچ کەمێ خاوی کردەوە، وتی: «دەترسێم بکەومە بەر مەودای تفەنگیان.»

ڕێوی: «مەترسێ دوورن. لەنێو ئەم هەڵەت و گردانەدا ناکەویتە بەر سێرەی تفەنگیان.»

ورچ: «درەنگە، کەی فێڵەکەت دەخەیە کار؟»

ڕێوی: «تۆ بێ نەخشە و پلان مل دەنێی!»

ورچ: «ئەی نەخشە و پیلانی تۆ چین؟»

ڕێوی: «هەر ئێستا بەلای چەپدا بادەوە.»

ورچ بەلای چەپدا، بەنێو بەفرەکەدا داگەڕا... بەپشووی سوارەوە وتی: «ئەمجا چی بکەم؟»


ڕێوی: «لە ئاستی خۆتەوە ڕێک هەڵێ و قسان مەکە.»

ورچ: «بۆچی قسان نەکەم!؟ گوێیان لێ دەبێ؟.»

ڕێوی: «بەپێچەوانەوە. لەنێو بەفردا دەنگ زۆر ناڕوات. بەڵام هەتا قسان بکەی زێتر ماندوو دەبی.»

ورچ غاری دەدا. خل دەبووەوە. خۆی دەگرتەوە. دیسان دەکەوتەوە غاردان. ڕێویش هەر بەدوایەوە بوو.

کاتێکیان زانی گەیشتنە سەر ڕووبارێکی گەورە. ورچ لە کەناری ڕووبارەکە هەڵوێستەیەکی کرد و وتی: «ئێستا تێ گەیشتم بۆچی بەلای چەپدا داگەڕاین.»



ڕێوی: «دەزانم. ترس گەلێ جاران ڕێ لە بیرکردنەوە دەگرێ!»

ماوەیەک حەسانەوە. ڕێوی هەڵیدایە: «تفەنگچییەکان چونکە پیادەن لە ڕووبارەکە نادەن. ڕووبار بەفراوە. باکەیش بەسەریدا هەڵی کردووە. ئەگەر کاری وەهایان کرد ڕەق دەبنەوە...



نزیکترین پردیش لێرەوە نیو سەعاتە ڕێ دوورە. بۆیە هەر گەیشتیتە ئەوبەری ڕووبارەکە ئیدی لە خەم ڕەخسیوی.»

ورچ ترسی نەما و تەواو ئارام بووەوە... لەودەمەدا ڕێوی بەدەم زەردەخەنەوە سەرنجێکی بەمانای ورچی دا، وەک بڵێ: ئەوەتا منیش دەتوانم لە تەنگانەدا فریای تۆ بکەوم!.

ورچ لە نیازی دڵی گەیشت. بەهەردوو چنگ تۆپەڵە بەفرێکی گەورەی کۆکردەوە. خڕی کرد و توند گوشیی. دەیویست بەدەم گاڵتە و مەزاقەوە بیسرەوێنێتە ڕێوی، بەڵام کاتێ هەڵسایە سەرپێیان بۆ ئەوەی تێی بگرێ. چاوی گێڕا... ئەملا ڕێوی کەسی بەدی نەکرد... ئەمس حەوت زەمانە خۆی لە ورچەکە شاردووەتەوە... بەدەوری خۆیدا سووڕا. تا هێزی تێدابوو تۆپەڵەکەی هاوێشت، ئەمجا شلێپ خۆی هەڵدایە ڕووبارەکەوە...

کۆبنهاگن ١٤/١/٢٠٠٠

# دیوار

کەروێشکە دایکانەکە مەشقی بەبێچووەکانی دەکرد. دوای ماندووبوونێکی زۆر وتی: «ئەوجا نۆرەی خۆشاردنەوەیە کۆرپەکانم.»

بێچووەکان لەژێر دەوەنێکدا ورتەیان لە خۆیان بڕی... دوای ماوەیەک بێچوویەک پرسی:

«دایە هۆ دایە، بۆچی ئێمە بۆ بەرگریی جگە لە هەڵاتن و خۆشاردنەوە هیچ چەکێکی دیکەمان نییە؟!»



دایکە کەروێشک لەم پرسە سەری سوڕما و گوتی:

«وەڵامە تەواوم پێ نییە. ئەوەندە دەزانم هەڵاتن و خۆشاردنەوە لە بەرامبەر دوژمندا، لە باب و باپیرانمانەوە بەمیرات بۆمان ماونەتەوە. بەدرێژاییی تەمەنی خۆم، هی باوک و باپیریشم، ڕووی نەداوە کەروێشک هەڵی کوتابێتە سەر دوژمن. هەمیشە دوژمن هەڵی کوتاوەتە سەرمان. ئێمەش لە ترساندا لەبەریان هەڵاتووین و خۆمان شاردووەتەوە!»

***



دایکانە کەروێشک گەڕا. زۆر گەڕا. ئەو کەروێشکانەی دیت هاوتەمەنی خۆی بوون. ئەوانەشی دیت لە خۆی بەتەمەنتر بوون. پرسی پێ دەکردن... بیروڕای لەگەڵ دەگۆڕینەوە... ڕۆژێک بەبێچووەکانی وت:


«سبەی لەگەڵ گەزنەی هەتاوی بەیانیدا دەبێ لەو هەورازەی بەرامبەرمان ئامادە بین.»

بێچووە زیتەڵەکە پرسی: «چی ڕووی داوە دایکە گیان؟!»

دایکی وتی: هیچ... سبەی وەڵامی پرسەکەی ئەو ڕۆژەت دەست دەکەوێ!»

کەروێشک، ڕەوە لە دوای ڕەوە، بێدەنگ، ڕەنگ وەک ڕەنگی گەنم بەڵام بەبریسکە، لەگەڵ گزنگی خۆردا، لەو شوێنە ئامادەبوون... دوای تاوێک: یاااک... دووو... هەر سێکی. غاردان دەستی پێ کرد تاوێک نشێو و پووشی هەڵساوی سەرەتای هاوین دەیشاردنەوە. تاوێک ڕووتەن و تۆقەڵەی گردەکان ئاشکرای دەکردن. بەسەر بنجک و بەسەر بەرد و کەندا، ڕووەو گەورەترین گوندی ئەو هەرێمە غاریان دەدا. ئەمجا لە خوار گوندەکەوە گیرسانەوە. خۆیان بەلەوەڕ و ئاوخواردنەوەوە خەریک کرد...






کاتێکیان زانی توولە و تاژیی دێ هەستیان پێ کردوون... ئەو جووتیارەی هەیبوو، تفەنگی کردە شان و سواری ماینەکەی بوو. ئەوەی نەیبوو کەوشی لەپێ هەڵکێشا و شوێنیان کەوتن. ئاودێر بیڵی فڕێ دا. شوان پەزی جێ هێشت و بۆیان هاتن... هەتا تەواو لێیان نزیک نەبوونەوە، ڕەوە کەروێشک لەبەریان هەڵنەهاتن. لەپڕێکا بوو بە فرکان فرکان. سوار مێزەری لێ دەکەوت... پریشکی ئاگر لە ناڵی ولاخەکانیان هەڵدەسا. پیادە پێڵاوی جێ دەما و پشتوێنەکەی لەدووی دەخشا... تاژییەکان دەکشان و بازی بەرینیان دەدا... ڕەوە کەروێشکی شارەزای هەردوو بوومی ناوچەکە چاک دەیانزانی چۆن و لە کوێوە بکشێنەوە... بوو بەتەپ و تۆز و هەڵڵا...

کەروێشکەکان گەیشتنەوە ئەو هەورازەی لێوەی هاتبوون. لەو دەمەدا لە هەورازەکە ئاوا دەبوون، ژمارەیەک کەروێشکی دیکە کە لەبەری بەیانەوە خۆیان دابووە پەنا، دیوارێک ئاوێنەیان لەپێش هێرشبەراندا بەرزکردەوە. هێرشبەران کاتێ لە دیواری ئاوێنەبەند نزیک بوونەوە، گەماڵی زل زلیان بینی بەزاری کراوەوە هێرشیان بۆ دێنن... تاژییان دیت بەپرتاو بەرەو ڕوویان دێن. سواریان دەبینی لەتاوی غاردا تفەنگەکانیان بەرز دەکەنەوە و شاڵاو دێنن...



هێرشبەران وەختابوو زەندەقیان بچێ. بیری کەروێشکیان نەما. خاویان کردەوە. ئەمجا بەپرتاو ڕووەو گوند گەڕانەوە... سوار و پیادە، سەگ و تاژی، بەبێ وچان بەرەو گوندەکەیان هەڵدەهاتن تاکو خۆیان ڕزگار بکەن.

هەتا خۆیان بەگونددا نەکردەوە، نەیانوێرا هەر ئاوڕیش بدەنەوە... کاتێ لە گوند ئاوڕیان دایەوە دیتیان نە توولە و تاژییان بەدواوەیە نە سوار.



ڕەوە کەروێشکیش لە سەرخۆ هاتنەوە بۆ لای دیواری ئاوێنەبەند. لە خۆشیی سەرکەوتنی پلانەکەیان هەڵدەبەزینەوە و هاواریان دەکرد:

«هێ ی ی... بژی هێزی کەروێشک!»

بێچووە زیتەڵەکە لەوانەبوو کە ئاوێنەی بەڕووی هێرشبەراندا بڵند کردبووەوە. باوەشی بەدایکیدا کردبوو. دەیگوت:

«ئای چەند خۆشە؟! یەکەم جارە تاژی لەبەردەم کەروێشکدا هەڵبێ... یەکەم جارە!»

کۆپنهاگن ١٩٩٨/١٢/٢٢

# شاهۆ و دارگوێزەکانی

شاهۆ باخەوانێکی بە دەربەستە. هەمیشە لە خەمی باخەکەیدایە.

ئەو بنکی دارگوێزەکان دەکوڵێ و زەوییەکەی شی دەکاتەوە.

پەینیان دەکاتە بن. لەکاتی خۆیدا ئاویان دەدا. لقە وشک و نەخۆشەکانیان هەڵدەپاچێ.

ڕۆژێکیان شاهۆ بەخۆشحاڵییەوە لە دارگوێزێکی مەزن ورد دەبووەوە.

دارگوێزەکە بەهەزاران گوێزی گرتبوو. لەناکاو گوێی بە گلەیی زرنگایەوە. دەنگەکە لە لقێکی بەرزەوە دەهات و دەیگوت:

«شاهۆی باخەوان هۆو، ئەوە بۆچی سەرنجی ئێمە نادەی؟!»

شاهۆ وتی:

«ئاگام لێتانە. بێ چاوێنی بن... ئەمساڵ لە سایەی ئێوەوە دەستکەوتێکی باشم دەبێ!»



گوێزێکیان وتی:

«ئێمە سێ لەقانەکەی ژوور سەرتین. ئێمە جیاوازین!»

دووەمیان وتی:

«نابینی؟... هەر یەکەمان



دوو هەندەی گوێزێکی ئاسایی دەبین؟!»



سێیەمیان وتی:

«نابێ ئێمە لەگەڵ گوێزەکانی دی حساب بکرێین. ئێمە شای گوێزانین. هەروەکو ناشبێ ئێمە بەنرخی ئەوان هەرزان فرۆش بکرێین!»

شاهۆ وتی:

«چاوم لێتانە. ئێوە بەقەبارەش گەورەترن. بریا هەموو ئەوانی دیکەش وەک ئێوە گەورە بوونایە. بریا هەموو دارگوێزەکان سێ لەقان و چوارلەقانیان بگرتایە!»

یەکەم وتی: «ئێمە تامیشمان خۆشترە!»

فەریکە گوێزەکانی دیکە خۆ هەڵکێشانی ئەو سێ گوێزەیان لەبەر دڵگران بوو. فەریکە گوێزێک نەختێ بەتووڕەییەوە وتی:

«هەموومان بەرهەمی یەک دایکە دارگوێزین و جیاوازیمان نییە!»

شاهۆی خاوەن باخ، هەر جارێک سەردانی باخەکەی بکردایە. گوێی لە شانازی و خۆ هەڵکێشانی ئەو سێ گوێزە دەبوو.

جارێکیان یەکێکیان وتی:

«ئێمە وەک ئەوان گوێزە قرِاڵە نین. ئێمە شایانی خوانی مەزنە پیاوانین!».

فەریکە گوێزەکان کاردۆژە بوون. پاییز هات و توێکڵەکانیان وەری. هەندێ خۆیان دەکەوتنە سەر زەوی. هەندێ شەنیەر بەشەنەکەی دەیتەکاندن.

شاهۆ سێ گوێزەکەی دەناسییەوە. لە پەنایەکدا بەجیا دایانابوون.

ڕۆژێکیان شاهۆ بۆ بەرچایی ئارەزووی گوێزی کرد. سێ گوێزە ناوازەکەی هاتەوە یاد... هەرسێکیانی هێنایە سەرخوان. ماوەیەک لە دەستیدا هێنانی و بردنی. ئەوان کاتێ بەریەک دەکەوتن، لە گوێزی ئاسایی پتر دەنگیان لێوە دەهات... شاهۆ یەکێکیانی بۆ خۆی دانا. یەکێ بۆ خێزانەکەی و سێیەمیشی دا بەکیژەکەی... کاتێ گوێزەکانیان شکاند، چی ببینن باشە؟

گوێزی یەکەم پووچ بوو... گوێزی دووەم پووچ بوو... گوێزی سێیەمیش هەر پووچ بوو... هەرسێکیان لە دیوی ناوەوە ڕەش ڕەش وەک ڕەژوو وابوون.

شاهۆ وتی:

«ئەوانەی خۆیان لە هاوتوخمە





کانیان بەباڵاتر و گەورەتر دەزانن، هەمیشە ئاوا پووچن... گوێزی پووچیش دەنگی زۆرتر لێوە دێ تا هی ساغ!»

لەسەر خوانەکە ژمارەیەکی زۆر گوێز هەبوون. بەڵام ئەو گوێزانە، هیچ کامیان پووچ نەبوون.



کۆنبهاگن ٨/٧/٢٠٠٢

سێلەقان: یەرەلەقان، سێ گوێز پێکەوە لە شێوەی هێشوودا... دوولەقان و چوارلەقانیش هەن.

قرِاڵە: قرِاڵی، بەو گوێزە دەڵێن کە هەر بەفەریکی سیس دەبێ و دەوەرێ.

کاردۆژە: دوای فەریک بوون دێ. ئەو گوێزەیە کە بەچەقۆ دەردێ و بۆ خواردن دەشێ.

شەن: دارێکی درێژە، سەرێکی کەمێ ئەستوور و ئەو سەرەکەی باریکە. بەزۆریی لە لقی چنار دروست دەکوێت و گوێزی پێ دەکێندرێ.

شەنیەر: ئەو کەسەیە کە شەنی پێیە. سەر دارگوێز دەکەوێ و گوێز دەتەکێنێ... ئەم زاراوانەش بەزاری شیرینی هەورامین.

بێ چاوێنی بن: لە چاوی پیس بەدوور بن.


خوان: سفرە

# بەم زووانە گوڵەکان دێنەوە

هێلین ڕۆژباشی لە باوکی کرد و بێدەنگ کوڵەپشتەکەی دانا. باوکیشی وەڵامی ڕۆژباشەکەی دایەوە و ماوەیەک لە کچە تاقانەکەی ڕاما.

پاشان پرسی:

«بۆ درەنگت بەسەرهات هێلین؟»



«لە ڕەزە گەورە بووم.»

ئەوەندەی وت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بێدەنگ بوو.

باوکێشی بەسەرسووڕمانەوە پرسی:

«چ کارێکت لە ڕەزە گەورە هەبوو؟!»

«مەبەستم ڕەزە گەورە نەبوو. بۆ لای گوڵەباخەکانی دامێنی ڕەزە گەورە چووم!»

«بەتەنیا چووی؟!»

«نەء... لاوەندی خاڵم و ساقۆی مامم و خەزاڵی دەستەخوشکم لەگەڵدا بوون!»

«ماندوو و دڵتەنگ دیاری، هیچ ڕووی داوە؟!»



هێلین دەیویست دان بەخۆیدا بگرێ و هیچ نەدرکێنێ. لێ دوای ئەم پرسیارە گوماناوییە وتی:

«بەڵێ ڕووی داوە و شەرمەزارم!»

هێلین تەواو نیگەران دیاربوو کاتێ ئەمەی وت. باوکیشی دەیویست زوو بزانێ چی لە کچە تاقانەکەی قەوماوە، پرسی:

«لە چی شەرمەزاری؟!»

«لەوە شەرمەزارم کە زمان درۆزن دەرچووم!»

بابی هێلین زێتر سەری سووڕما، پرسی:

«تێ ناگەم، بۆم ڕوون بکەرەوە؟!»

«لە قوتابخانە، باسی پەڵە گوڵەباخەکەی دامێنی ڕەزە گەورەم بۆ لاوەند و ساقۆ و خەزاڵ گێڕایەوە وتم: جوانترین پەڵە گوڵەباخە لەم گوندەدا. پێ دەچوو ئەوان بڕوا نەکەن. منیش بەڵێنم دانێ دوای قوتابخانە بیانبەم بۆ ئەوێ. تاکو بەچاوی خۆیان ببینن، سەرو چەپکیش گوڵەباخی ئەسڵ بچنن. کەچی... کەچی...»

هێلین نەیتوانی بەردەوام بێ. ڕەنگی بزرکا و چاوی داخست. زمانی تێکەڵ بوو، وەختابوو بگری... باوکی دڵی دایەوە، وتی:

«دەتۆ وەرە لەلای خۆمەوە دابنیشە. گوێ مەدەرێ... تۆ هیچت بەسەر نەهاتووە. ئەوەتا سەلامەتی. بەڵام پێم خۆشە بۆم بگێڕیتەوە لەوێ چی ڕوویدا؟ بۆچی زمان درۆزن دەرچووی؟!»

هێلین دانیشت و باوکیشی لە سەرخۆ دەستی بەقژە خاوەکەیدا دەهێنا. دوای ماوەیەک بێدەنگ، هێلین وتی:

«زمان درۆزن دەرچووم، چونکە تاکە گوڵێکیش بەو پەڵە گوڵەباخەوە نەمابوو... زۆریش تەریق بوومەوە!»

«کارێکی ناخۆشە مرۆڤ زمان درۆزن دەربچێ... جا هاوڕێکانت دایانە ڕووت؟»

«ئەدی چۆن؟... سەرنجیان دەدام و بەدەم پێکەنینەوە لاوەند پرسی: کامەتا گوڵەباخەکانت؟!... ساڤۆ وتی: ئەم ڕێگە دوورەشمان بڕی و گوڵمان دەست نەکەوت!!... خەزاڵ وتی: ساڵێکی دی دێینەوە!...»

باوکی وتی:

«ئارام بە و گوێ مەدەرێ. ڕاستە، شەرمە مرۆڤ درۆ بکات و بەدرۆزن بناسرێ. مرۆڤ دەبێ کە گفتێکی دا بیباتە سەر. بەڵام بەڵێنت دەدەمێ





بەم زووانە گوڵەباخەکان دێنەوە. تۆش بەڵێنەکەت دەبەیتە سەر هاوڕێکانیشت سوپاست دەکەن!»

هێلین، کە تاکو ئەو کاتە سەری بەسینگی باوکییەوە نووساندبوو، ڕاپەڕی. هەڵسایە سەرپێ. ڕووی کرایەوە و بەدەنگی بەرز پرسی:

«بەڕاست، بەم زووانە گوڵەکان دەگەڕێنەوە؟!»

«بەڕاست و دڵنیابە... ئەگەر بەم زووانە نەهاتنەوە گلەییم لێ بکە!»

«بەم زووانە، مەبەستت کەیە؟... چەند ڕۆژی دیکە؟»

«سێ ڕۆژ لەسەرم بوەستە. تەنیا سێ ڕۆژ!... بەڵام تا ئەو ڕۆژەی گوڵەکان دەگەڕێنەوە نابێ لەلای هاوڕێکانت باسی بکەی!»

«زۆر چاکە. باسی ناکەم!»

«دە ئێستا بڕۆ خۆت بگۆڕە. دەست و دەم و چاوت بشۆ. پێکەوە نیوەڕۆژە دەکەین.»

هێلین دەستی دایە کۆڵەپشتەکەی و بەپلیکانەکاندا سەرکەوت. لەوێوە ئاورێکی لە باوکی دایەوە و پرسی:

«ئەی دایکم لە کوێیە؟»

«لە ماڵی پوورتە.»

«با چاوەڕێ بکەین تا دایکم دێتەوە!»

«دەزانم مەبەستت چییە. ئەو ئێوارە درەنگانێ دێتەوە. بڕیار وایە لەگەڵ پوورتدا نیوەڕۆژە بکات!»

هێلین ئەمەی بەکارێکی ئاسایی زانی. بۆیە لەسەری نەڕۆیی.

هێلین لە ناخی خۆیدا لێکی دەدایەوە:

چۆن دوای سێ ڕۆژ گوڵەکان دەگەڕێنەوە؟ گوڵەکان کە چنران یان بەسەر چوون، ئیدی چۆن دەگەڕێنەوە؟ خۆ گوڵەباخی کوردی بەهاران و لە ماوەیەکی کورتدا، ڕەنگە مانگێک زیاتر نەخایێنێ، گوڵ دەگرێ و ئیدی بەسەر دەچێ... باوکم مەبەستیەتی لەبیرم بباتەوە. بۆیە لەبری ئەوەی بڵێ بەهاری داهاتوو، دەڵێ سێ ڕۆژی دیکە دەگەڕێنەوە.

هێلین بەتاسە و ئارەزوویەکی زۆرەوە چاوەڕوان بوو. شەوانە تا کاتی نوستن. ڕۆژانەش لە ژووری پۆلدا هەر لە یادی بوو. پەلەی بوو.

دەیخواست ماوەی ئەو سێ ڕۆژە زوو بەسەر بچێ و دڵنیابێ داخۆ گوڵەکان دێنەوە؟. ئەگەر گوڵەکان هاتنەوە، ئەوا ئەمیش لاوەند و ساڤۆ و خەزاڵ بۆ دامێنی گردەکان بانگهێشتن دەکاتەوە. هەر لە دوورەوە پەڵە گوڵەباخی گوڵگرتوویان پیشان دەدات، پەمبە دەچێتەوە.

ئەو دۆڵ و قەدپاڵەیان پڕ بۆن و بەرامەی خۆش کردووە. جا ئەوسا پێیان دەڵێ:

لاوەند، ساڤۆ، خەزاڵ، گوێ بگرن. ئەوەتا من ڕاستگۆم و بەڵێنی خۆم بردە سەر. فەرموون سەیر بکەن و بەچاوی خۆتان ببینن.

ئەوەتا جوانترین پەڵە گوڵەباخی گوند ئەوەی ئێمەیە. ئەوەتا دەڵێی تارایەکی پەمەیی زۆر گەورەیە و بەسەر ئەم دۆڵەدا دراوە... ئەوەتا دەڵێی ئەم ناوە گولاوپرژێن کراوە. دەفەرموون، با هەر یەکە و بەئارەزووی دڵ



چەپکێک بچنێت و لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە. لەنێو سوراحیدا دایبنێ تاکو هەوای ماڵەکانتان بۆنی گوڵەباخی ئەسڵیی ماڵی هێلین بگرێ.

سێ ڕۆژ ڕابورد. بۆ ڕۆژی چوارەم، دوای ئەوەی لە دەرسەکانی بووەوە نەگەڕایەوە ماڵ. ڕێگەی ڕەزە گەورەی گرتەبەر. ئەو هەردەم بەڵێنەکەی بابی لە گوێیدا دەزرنگایەوە «بەم زووانە گوڵەباخەکان دێنەوە. دوای سێ ڕۆژی دی دەگەڕێنەوە!»

بەگەڕانەوەی گوڵەکانیش دەتوانێ ئەو شەرمەزارییە بسڕێتەوە. ئەگەرچی هاوڕێکانی نەیانداوەتەوە ڕووی. بەڵام هێلین لە ناخەوە خەجاڵەتە و لە یادی نەچووەتەوە.

هێلین بەگومانیشە، بۆیە بەتەنیا ڕێگەی گرتووەتەبەر... بەکۆڵەپشتەکەیەوە هێندە خێرا دەڕۆیی ئارەقەی دەردابوو. کەمێکیش برسی بوو. ماندووشی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەوەستا و وچانی نەدەدا. دەیویست زوو بگاتە ئەنجام. جا مزگێنی لەوە خۆشتر



هەیە، بگاتە تەوقەسەری گردەکە و لەوێوە بەچاوی خۆی بیبینێ جارێکی دی پەڵە گوڵەباخەکە هاتووەتە گوڵگیری؟!

هێلین گەیشتە سەر گردەکە و سەرنجی دا... بەڵام گوڵی نەدی!

هەستی بەلەش قورسی و بارگرانی کرد. بە نائومێدی ڕێ و ڕێ گەڕایەوە.

هێلین وەختابوو بگری. لێ دانی بەخۆیدا گرت و خەمەکەی لە ناخی خۆیدا بەند کرد.



دایکی هێلین نیگەران بوو. لەبەر دەرگا چاوەڕوان بوو. ئەو نەیدەزانی هێلین لە کوێیە. ئەوەندە هەبوو، قوتابییان گەیشتبوونەوە ماڵ و هێلین دیارنەبوو... لەپڕ، هێلین پەیدابوو. دایکی بەرەو ڕووی چوو.

«ئەوە بۆچی دواکەوتی؟»

«لە ڕەزە گەورە بووم!»

«ئەمجارەیان بۆچی چووی؟!»

دایکی هێلین بەسەرسامییەوە ئەمەی پرسی. دەستی هێلینی ماندووی گرت و پێکەوە چوونەوە ماڵەوە. هێلین بەدڵی پڕەوە وتی:

«باوکم بەڵێنی دا، دوای سێ ڕۆژ گوڵەباخەکان دێنەوە؟... چووم بزانم هاتوونەتەوە؟»

«جا هاتبوونەوە؟!»



دایکی بەدەم زەردەخەنەوە ئەمەی پرسی. هێلینیش بەحەسرەتەوە وتی:

«گەڕانەوەی چی؟ تاکە گوڵێکیش نەگەڕابووەوە!... بەداخەوە!!»

دایکی هێلین دەستێکی بەسەر و قژی کچەکەیدا هێنا و جامێک دۆی ساردی دایە. ئەمجا وتی:

«ئەو ڕۆژە، بەرلەوەی تۆ و هاوڕێکانت بگەن. من و پوورت لەوێ بووین... ئێمە گوڵەکانمان چنیبوو... باوکیشت بەڵێنی ڕاستی پێ داوی...»

«بەڵام من تاکە گوڵێکیشم نەدی!»

«خەمت نەبێ هەر ئێستا گوڵەکانت نیشان دەدەم... با بڕۆین!»

هێلین و دایکی بەپلیکانەکاندا سەرکەوتن. بۆن و بەرامەیەکی خۆش بەرەو ڕوویان بووەوە. ڕوخساری هێلینیش گەشایەوە. وتی:

«ئەڵڵا لەو بۆنە خۆشە! بۆنی گوڵەباخە!»

خۆیان بە ژووردا کرد. هێلین چەند چاوی گێڕا گوڵی نەبینی. بەرلەوەی بپرسێ، دایکی وتی:



«دەزانم. ئێستا دڵێی بۆنیان دەکەم و نایانبینم. نیگەران مەبە ئەوەتا لەنێو ئەو شووشانەدان!»

«لەنێو ئەو شووشانەدا چی دەکەن؟!»

هێلین ئەمەی بەسەرسامییەوە پرسی. ئەو تەنیا بۆنی دەکرد، بەڵام گوڵەکانی نەدەبینی... دایکی وتی:

«پێکەوە لەگەڵ پوورتدا، هەموو گوڵەکانمان کرد بەگوڵاو. ئەوەی لەو شووشانەدا دەیانبینی گوڵاوی گوڵەباخەکانن. لەبری ئەوەی بەدەم باوە هەڵبوەرن، ئێمە چنیمانن و کردمانن بەگوڵاو!»

«کەواتە بەگوڵاوی گەڕاونەتەوە!»

«بەڵێ... ئەم گوڵاوەش دەچێتە دەیانماڵەوە. خەڵکێکی زۆر بەبۆنە خۆشەکەی شاد دەبن و سوودی لێ دەبینن.»

هێلین وتی:

«کەواتە سبەی بەسەرهاتی گوڵەکان بۆ هاوڕێکانم دەگێڕمەوە.»

هێلین بێ دەنگ بوو. دوای کەمێ بیرکردنەوە وتی:

«تۆ بڵێیی بڕوام پێ بکەن؟»

دایکی لە سەرخۆ وتی:

«بێگومان بڕوات پێ دەکەن. ئەو سێ شووشە. بچکۆڵەیە دەبینی؟»

«دەیانبینم!»

«سبەی بیانبە و لەبری چەپکە گوڵ بەدیاری بیاندە بەهاوڕێکانت.»

کۆپنهاگن- ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠